چاپی دووەم

ئادەم كيونەش

100

ڕێسای بنەڕەتی لە پەروەردەکردنی منداڵدا

تەمەنی 7-14 ساڵ

پێشکەشە بەو

گەورەساڵانەی لە چاوی

منداڵەوە تەماشای

دنیا دەکەن و گیانێکی

منداڵانەیان لە ناخیاندا

هەڵگرتووە...

وته‌یه‌ك

باشترین خه‌سڵه‌ت له‌ مرۆڤدا ئه‌وه‌یه‌، خۆی چۆنه‌ له‌ ڕاستیدا، به‌و شێوه‌یه‌ ده‌ربکه‌وێت، که‌ ئه‌وه‌ش بۆخۆی به‌رهه‌می منداڵییه‌کی دوور له‌ ترس و لاسایه‌. مه‌ولانا وته‌نی: "یان به‌و جۆره‌ به‌ که‌ ده‌بینرێیت، یان به‌و جۆره‌ ببینرێ که‌ هه‌یت." ئه‌مه‌ خودی ئه‌و شته‌یه‌، که‌ له‌ناو خۆماندا پێی ده‌ڵێین (بوون به‌ خاوه‌ن که‌سێتی). به‌لاته‌وه‌ سه‌یر نه‌بێت، ئاخر تۆوی که‌سێتی له‌دوای حه‌وت ساڵی و له‌ که‌شێکی پڕ له‌ دڵنیایی و ئاسایشدا چه‌که‌ره‌ ده‌کات. هه‌ر بۆیه‌ له‌م ته‌مه‌نه‌دا -که‌ هاوکاته‌ له‌گه‌ڵ قۆناغی قوتابخانه‌شدا- که‌سێتی هه‌م بنیاد ده‌نرێت، هه‌م زۆرترین گورزی تێکشکێنه‌ریشی به‌ر ده‌که‌وێت. له‌ لایه‌که‌وه‌ ترس و دڵه‌ڕاوکه‌ی باوان له‌تاو ئه‌وه‌ی سه‌رکه‌وتوو بێت له‌ قوتابخانه‌دا، له‌ لایه‌کی تریشه‌وه‌ فشاری مامۆستایان بۆ ئه‌وه‌ی شتی زیاتریان فێر بکه‌ن. له‌سه‌روو هه‌موو ئه‌وانه‌شه‌وه‌، سیسته‌مێکی په‌روه‌رده‌ که‌ هانی لاساییکردنه‌وه‌ و ئه‌زبه‌رکردن ده‌دات. له‌ سایه‌ی ئه‌م ژینگه‌یه‌دا، ئیتر منداڵ فێری ئه‌وه‌ ده‌بێت که‌ به‌رژه‌وه‌ندی له‌وه‌دایه‌ ئه‌وه‌ بکات که‌ پێی وتراوه‌ و به‌و جۆره‌ بێت که‌ ده‌وروبه‌ر پێیان خۆشه‌.

ئه‌مه‌ ئه‌و قۆناغه‌ی ته‌مه‌نه‌ که‌ نازداریی منداڵی کۆتایی پێ دێت و فشاری گه‌وره‌کان جێگه‌ی ده‌گرێته‌وه‌.

ئه‌مه‌ قۆناغی دروستکردنی (هه‌ستی خه‌تاباریه‌)، چونکه‌ نه‌تتوانیوه‌ وه‌کو پێویست سوود له‌ تواناکانی به‌ر ده‌ستت وه‌ربگریت.

ئه‌مه‌ قۆناغی هه‌ستکردنه‌ به‌وه‌ی که‌ (من گرنگ نیم)، چونکه‌ له‌پێناو ئه‌نجامدانی ئه‌رك و به‌رپرسیارێتییه‌کان، خۆشه‌ویستییه‌که‌ی منداڵیت لێ ده‌گیرێته‌وه‌.

(١٤-٧) ساڵی، ته‌مه‌نی سه‌رهه‌ڵدانی هه‌ستی (ده‌سته‌وسانی و نه‌توانین)ه‌، چونکه‌ به‌وه‌نده‌ لێت ڕازی نابن که‌ کردووته‌، چاوه‌ڕێی زیاتر و زۆرترت لێ ده‌که‌ن.

به‌ ده‌ربڕینێکی دیکه‌؛ منداڵ له‌ دووڕیانێکدایه‌؛ دروستبوونی که‌سێتییه‌که‌ی یاخود تێکشکانی.

له‌به‌ر هه‌موو ئه‌مانه‌، له‌ ڕێگه‌ی ئه‌م کتێبه‌وه‌ ده‌مه‌وێت ئه‌و قه‌رزه‌ بده‌مه‌وه‌ که‌ به‌رامبه‌ر منداڵان له‌ئه‌ستۆمدایه‌. ئومێده‌وارم، ئه‌م به‌رهه‌مه‌ یارمه‌تیمان بدات له‌ چاوی ئه‌وانه‌وه‌ بڕوانینه‌ دنیا.

ڕێز و خۆشه‌ویستیم قبوڵ بفه‌رموون.

ئاده‌م گیونه‌ش

”سەرنجی سەرپەرشتیاری چاپ“

لە دەمی ئامادەکردنی ئەم بەرهەمەدا بۆ چاپ، یادەوەرییەکانی سەردەمی قوتابخانە بەردەوام بەبەر چاومدا دەهاتن و دەچوون. ئەو ڕۆژانەی بە بێگەردی و دڵپاکیی کیژۆڵەیەکی بچووکەوە، لەبەر دەرگای ماڵماندا یاریم دەکرد و بەدەم ژیانەوە پێدەکەنیم.

پاشان هەنگاویەهەنگاو سەرسامیی بەرپرسیارێتییەکانی سەرشانم.

نائەقڵانیبوونی چاوەڕوانی و خۆزگەکانم.

سەختییەکانی کچبوون.

ئینجا فشاری دەورووبەر، بۆ ئەوەی منداڵێکی ئاقڵ و سەلار بم.

کاتێک ئەم دێڕەم بەرچاو کەوت: (منداڵی ئاقڵ و سەلار نییە، کە وتت منداڵ، واتە هەڵبەزودابەز، جۆشوخرۆش.) بەزەییم بە منداڵیی خۆمدا هاتەوە.

بەڵێ، هەر دێڕێکی بۆنی یادگارییەکی لێ دەهات، لە هەندێکیاندا بزە دەکەوتە سەر لێوم، لە هەندێکیشیاندا خەم دەیگرتم.

ئینجا هاتمەوە بۆ ڕۆژگاری ئێستا و تەماشایەکی پڕسۆزی منداڵەکانی خۆمم کرد، زۆر شت هەیە دەتوانم بیکەم بۆیان!

هیوادارم ئەمە بۆ ئێوەش دەستپێک بێت، دەستپێکی ڕوانینە ژیان و پەروەردە لە چاوی ئەوانەوە.

کاتێکی خۆش بۆ هەمووتان...

گۆنجا ئانڵ

1

مندالّی لە سێ
قۆناغ پێک هاتووە:
وابەستەیی،
هۆگری، گونجان

سالانی سەرەتای منداڵی، قۆناغی وابەستەبوونی پڕدڵنیاییە. ئەم قۆناغەش، تەمەنی نێوان (٠-٤) ساڵی دەگرێتەوە.

قۆناغی وابەستەبوونی پڕدڵنیاییش لەناو خۆیدا دەبێت بە دوو بەشەوە: تەمەنی (٠-٢) وابەستەیی، تەمەنی (٢-٤) جیابوونەوە.

وابەستەبوونی پڕدڵنیایی کاتێک تەندروست دەبێت، کە ئەو منداڵە لەلایەن (یەک) کەسەوە چاودێری بکرێت.

منداڵ لەم قۆناغەدا چەندە پێویستییەکانی لەلایەن دایکیەوە لە کاتی خۆیدا و بە بڕی پێویست بۆ دەستەبەر بکرێت، ئەوەندە منداڵێکی هێمن و ئاسوودەی لێ دەردەچێت. ئەم ماوەیە چەندێک بەبێ کێشە تێپەڕ ببێت، دواتر ئەوەندە بەئاسانی لە دایکی جیا دەبێتەوە.

دوابەدوای وابەستەبوونی پڕدڵنیاییش، منداڵ پێویستی بەوەیە وابەستەی زیاد لە کەسێک ببێت: باوکی، مامی، خاڵی، پووری، منداڵەکەی دراوسێیان، هاوڕێیانی باخچەکەی. بەرهەمی ئەم وابەستەبوونەش، گەشەسەندنی هەستی (هۆگری)یە. لەم ڕووەوە، هۆگری بە یەکێک لە پێویستییەکانی منداڵانی تەمەن (٧-١٤) ساڵی دادەنرێت.

سروشتی منداڵ وایە؛ لەکوێدا هەست بە باشی بکات و ئاسوودە بێت، حەز دەکات سەر بەو شوێنە بێت و خووی ئەو شوێنە دەگرێت. ئەگەر ئەوەندەی لەلای هاوەڵەکانی ئاسوودەیە لە ماڵەوە ئاسوودە نەبێت، هۆگری ئەوان دەبێت نەوەک خێزانەکەی، بگرە هەست بە بێگانەیی و نامۆییش دەکات لەلایاندا.

دروستبوونی هەستی (هۆگری بۆ خێزان) لەلای ئەو منداڵانەی چوونەتە قوتابخانە، بەوە دەبێت بەخێوکاران لەو هەڵوێست و ڕەفتارانە خۆیان بەدوور بگرن، کە دەبنە مایەی شکاندنەوە و بریندارکردنی هەست و سۆزیان.

2

تەمەنی (7-14) ساڵی، تەمەنی هۆگربوونە

ئەو منداڵەی پێش (٧)ساڵی، ئاواتەخواز بوو خولەکێك لە دایکی جیا نەبێتەوە، لەپاش ئەو تەمەنە، دەبینی دڵی بە دایکی داناساچێت. ئەم پێویستییە تازەیەی -هۆگری- دەیداتە بەر بۆ ئەوەی داوای قەرەباڵغی، هاوڕێ، کۆڵان، خوشک و برا بکات.

منداڵانی ئەم تەمەنە کە بە منداڵی گەمە و یاری ناسراون، لە هەموو شتێک زیاتر پێویستیان بەوەیە لەناو گرووپێکدا خۆیان ببیننەوە.

خۆبینینەوە لەناو گرووپ و کۆمەڵدا، بناغەی ئەو پێویستییە کە پێی دەڵێین (هۆگری).

3

منداڵ هۆگریی بۆ کوێ هەبێت، **خووی ئەو شوێنە** دەگرێت

هۆگری، ناوی ئەو هەستەیە کە لە مرۆڤدا دروست دەبێت، کاتێک لەناو کۆمەڵێکدا هەست بە ئاسوودەیی دەکات.

منداڵ هەوڵی خۆچواندن و لاساییکردنەوەی ئەو کەسانە دەدات، کە پێیان ئاسوودەیە و لەلایاندا هەست بە دڵنیایی دەکات، خوویان دەگرێت؛ وەک ئەوان دەجووڵێتەوە و وەک ئەوان قسە دەکات.

بەشێکی بەرچاوی ئەو بەدڕەفتارییانەی لە منداڵانی قوتابخانەدا بەدی دەکرێت، هۆکارەکەی ئەوەیە هەوڵ دەدەن لاسایی هەڵسوکەوتی ئەو هاوڕێیانەیان بکەنەوە کە دەخوازن هۆگریان ببن.

بۆ نموونە؛ ئەگەر جنێو و قسەی ناشیرین لەناو برادەرەکانیدا برەوی پەیدا کردبێت، ئەویش دەست دەداتە ئەو خووە، چونکە نایەوێت لەناویاندا شاز دەربکەوێت و سەرەنجام هەست بە نامۆیی بکات.

ئەو منداڵەی کە زیاتر هۆگری کۆمەڵە و گرووپەکانی دەرەوەی خێزانە، چاوەڕێی ئەوەی لێ ناکرێت بەها و کلتووری خێزانەکەی هەڵبگرێت، چونکە منداڵ ئینتیمای بۆ کوێ هەبێت، تەرزی ژیان و بیرکردنەوەشی بەگوێرەی ئەوە ئاراستە دەگرێت.

بۆیە پێشنیارمان بۆ بەخێوکارانی بەڕێز ئەوەیە؛ لەبری ئەوەی بەزۆر ڕەفتارێکی دیاریکراو بەسەر منداڵەکەیاندا بسەپێنن، باشتر وایە کەشێک بڕەخسێنن کە ئەو تیایدا هەست بە بوونی خۆی بکات و هەناسەی ئاسوودەیی هەڵبمژێت، چونکە لە سایەی ئەوەدا هۆگری خانەوادەکەی دەبێت و حەز دەکات خوو و ڕەوشتی بچێتەوە سەر ئەوان.

4

مندالْ ئەگەر لە
خێزانەکەی ترازابێت،
پەیوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ ئەم و ئەودا بایەخێکی ئەوتۆی نییە

زۆرێـک لـە بەخێـوکاران هەسـت بـە شـانازی دەکـەن، کـە دەبینـن دەوروبـەری منداڵەکانیـان قەرەباڵغـە و پەیوەندیـی کۆمەڵایەتیـی فراوانیـان هەیـە.

بـەڵام ئـەوەی ئێمـە لە گەشـەی منداڵـدا بەلامانـەوە گرنگە، ئەوەیـە پەیوەندیـی لەگـەڵ خێزانەکـەی خۆیـدا بەهێزتـر بێـت لـەو پەیوەندییەکەی کە لەگـەڵ بـرادەر و هاوڕێکانیدا هەیەتی.

بـۆ نموونـە؛ ئەگەرماڵێـک کوڕەکەیان هێنـدەی برادەرەکانی لـە باوکیـەوە نزیـک نەبـوو، خێـرا ئـەوە دێـت بـە بیرمانـدا کـە ڕەنگـە گرفتێـک لـە هۆگـری و ئینتیمای کوڕەکـەدا هەبێت بۆ خێزانەکـەی. هەمـان شـت بـۆ ئـەو کیژەش ڕاسـتە کـە هەموو دەردەدڵێکـی خـۆی لای هـاوڕێ کچەکانـی دەکات و هیـچ لای دایکـی نادرکێنێـت.

ئەگەری سەرهەڵدانی گرفتی ڕەفتاری لای ئەو منداڵانەی لە خێزانەکانیان دابڕاون و خۆیان داوەتە دۆست و برادەرەکانیان، لە منداڵانی تر زیاترە.

چونکـە یەکێـک لـە مەرجەکانـی گەشـەی کەسـێتیی تەندروسـت ئەوەیـە، بەهێزتریـن پەیوەندیـی ئەو کەسـە لەگەڵ ئەندامانـی خێزانەکـەی خۆیـدا بێـت.

5

ئەوماڵەی منداڵی
سەروو (7)ساڵیان
هەیە،
مەرجە کۆبوونەوەی
خێزانییشیان
هەبێت

ئاشکرایە منداڵ لەناو خێزانـدا فێری هەڵسـوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت، چۆنێتی سـڵاوکردن و بەخێرهاتنی میـوان، بازاڕکـردن و...هتـد، لـە باوانیـەوە فێـر دەبێت.

بـەڵام مەرجیـش نییـە دەرفەتـی ئـەوەی بـۆ هەڵبکەوێـت، هەمـوو هەڵسـوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان لەوانـەوە ببینێـت. هەرچۆنێـك بێت ئەو پێویستی بەوەیە، بزانێت لە چ شـوێنێکدا بـە چ شـێوەیەک مامەڵـە دەکات.

بـۆ نموونـە؛ کاتێـك دەچێـت شـتێک بکڕێـت، ئەگـەر پارەکـەی بەشـی نەکـرد، چی بـکات؟ ئەگەر لەسـەر شۆسـتە خۆی کێشـا بە کەسـێکدا، چـۆن داوای لێبوردنـی لێ بکات؟ کاتێـك دوو هاوڕێـی دەبێـت بـە شـەڕیان، ئـەم پێویسـتە چی بـکات؟ ئایا دروسـتە پشـتی ئەوەیـان بگرێت کە زیاتـر لێوەی نزیکـە؟ ئەمانـە و چەندیـن وەڵامـی تـر کـە بەدوایانـدا وێڵە.

لـەم ڕووەوە، ئـەو خێزانانـەی منداڵی حەوت سـاڵ و بەرەو سـەرەوەیان هەیـە، پێویسـتە هەفتـەی جارێـک کـۆ ببنـەوە و باسوخواسـتی ژیانـی ڕۆژانـە لەنـاو خۆیاندا تاووتـوێ بکەن. دەکرێـت ئـەم دانیشـتنانە بکرێـت بـە بۆنەیـەک بۆ ناسـاندنی ڕێسـاکانی ژیان و هەلێک بـۆ فێربوون لە ئەزموونـی باوانەوە.

دەشـێت دانیشـتنەکان سـنووردار نەبن بە باسـکردنی گرفتی منداڵەکانـەوە، بەڵکـو دەکرێـت دایـک و باوکیـش باسـی ئاسـتەنگەکانی ژیانـی ڕۆژانـە و کاری خۆیان بکەن. سـوودی ئەمـە لەوەدایـە، هەسـتی پێکەوەیـی و هۆگری لەنـاو ئەندامانی خێزانـدا توندوتـۆڵ دەکاتـەوە، هەروەهـا هەسـتی گرنگـی و بایەخیـش لای منـداڵ دروسـت دەکات.

6

پێوەری سەرکەوتنی مامۆستا لەناو پۆلدا ئەوەیە، قوتابییەکانی فێر بکات خۆیان بەڕێوە ببەن

لەوە خۆشتر نییە بۆ منداڵی قوتابخانە، ببینێت توانای ئەوەی هەیە خۆی کارەکانی خۆی ئەنجام بدات.

تەنانەت ئەوەندە گرنگە، وەک پێداویستی وایە بۆی.

کاتێک منداڵ کارێک بەسەرکەوتوویی ئەنجام دەدات، هەست بە دڵخۆشییەکی بێئەندازە دەکات، ئەوەش جۆشوخرۆشی دەداتێ بۆ ئەنجامدانی کاری زیاتر و تاقیکردنەوەی شتی دیکە.

لە سایەی ئەمەشەوە گەشەی بەرەوپێش دەچێت، کە لە ڕاستیدا دەتوانین بە پرۆسەی (خۆسەلماندن)یش ناوی ببەین.

یەکێک لە کۆسپەکانی بەردەم منداڵی قوتابخانە ئەوەیە، ڕێگریی لێ دەکرێت کاتێک دەیەوێت بوونی خۆی بسەلمێنێت. گەورەساڵێک دێت و بە ئارەزووی خۆی ئاڕاستەی دەکات.

سەرئەنجام ئەویش هاندەرە ناوەکییەکەی لەدەست دەدات، لەجیاتی ئەوەی بە (حەزەوە) کارەکە بکات، فێر دەبێت بە (ناچاری) بەڕێی بکات.

ئەو منداڵانەی لە ئەنجامی زۆرلێکردن کار دەکەن، پاش ماوەیەک بێزار دەبن لە هەموو پرۆسەیەک کە فێربوونی تێدا بێت.

چونکە حەز گرنگترین هاندەرە بۆ فێربوون.

لەم ڕوانگەیەوە، گەورەترین چاکەی مامۆستایان لەگەڵ منداڵانی قوتابخانەدا ئەوەیە، فێریان بکەن خۆیان (خۆیان بەڕێوە ببەن). مەبەستمان لە خۆبەڕێوەبردن، ئاشناکردنی منداڵە بە شێوازی ئاڕاستەکردنی هەست و بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانی.

منداڵ کاتێک دەتوانێت خۆی بەڕێوە بیات، کە گەورەکان ڕێنیشاندەر بن نەوەک بەڕێوەبەر.

7

ئەو پەروەرشیارەی
ڕێگە بە منداڵەکەی
دەدات بە منداڵی
بژی، پەروەرشیارێکی
سەرکەوتووە

لای هەمووان ئاشکرایە، پەروەردە و فێرکردن پێگەیەکی بنچینەیی هەیە لە پێگەیاندنی منداڵدا.

بەڵام ئەوەش ڕوونە کە تەواوی ژیان بریتی نییە لەوە.

منداڵ چەندە پێویستی بە فێربوونە، ئەوەندەش پێویستی بەوەیە یاری بکات و کاتی خۆشی بەسەر ببات، قاقا لێبدات و لەگەڵ هاوڕێکانیدا گاڵتەوگەپ بکات.

ناکرێت سەرتاپای ژیانیان بە فێربوون و فێرکاری بخەین.

فێرکاری سەرکەوتوو لە چوارچێوەی کاتی دیاریکراوی قوتابخانەدا کاری خۆی تەواو دەکات و شتێک ناهێڵێتەوە بۆ دەرەوەی قوتابخانە.

لە ڕووی سۆزدارییەوە منداڵ چەندە تێر و تەواو بێت، توانا ئەقڵییەکانی ئەوەندە بەهێز دەبێت.

گرنگیدان بە سەرکەوتنی ئەقڵی و فەرامۆشکردنی لایەنی سۆزداری، کەلێنی گەورە لە کەسێتی منداڵدا دروست دەکات.

8

قوتابیی بەر دەستی پەروەردەکارە توندەکان سەرکەوتوون، بەڵام لە هەمان کاتدا شەڕەنگێزیشن

منداڵانی قوتابخانە، لە ڕووی هێز و توانای جەستەییەوە لە مامۆستاکانی بەهێزترن.

مامۆستا بەئاسانی دەتوانێت هێز و دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت، کە بێگومان لەوەش زیان بە کەسێتیی قوتابییەکان دەگەیەنێت.

بۆیە ئەوانیش لەپێناو خۆپارێزی لە تووڕەیی مامۆستا، کۆششی زیاتر دەکەن و زۆر لە خۆیان دەکەن بۆ سەرکوتکردنی هەستەکانیان.

کەشێکی لەو شێوەیە ڕەنگە ئاستی خوێندنی قوتابی بەرەوپێش ببات، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێت ئەو دەرئەنجامە نەرێنییانەش فەرامۆش بکرێت کە لەسەر لایەنی دەروونی و سۆزداریی قوتابییەکان دایدەنێت. لەبری ئەوەی خۆیان لە ڕاستیدا چۆنن وا بەو جۆرە بن، لە ترسدا دەچن بەو جۆرە دەبن کە بەلای مامۆستاکەیانەوە پەسەندە.

نامۆبوون بە خود، یان خۆنمایشکردن بە جۆرێک کە خۆت لە ڕاستیدا بەو جۆرە نیت، بە سەرچاوەی زۆرێک لە پەشێوییە ڕەفتاری و کەسییەکان دادەنرێت.

9

کەشی سەرکوتکەر، منداڵ تووشی بزۆکی دەکات

یەکێک لە گەورەترین پێویستییەکانی منداڵی قوتابخانە، جووڵەیە.

تا لە جووڵەدا بێت، گەشەی زیاد دەکات.

تەنانەت جموجووڵ بە یەکێک لە ئاماژەکانی گەشەی ئەقڵیش دادەنرێت. لە کاتی جووڵەدا سووڕی خوێن خێرا دەبێت، واتە بڕێکی زیاتری خوێن بۆ مێشک دەچێت، کە ئەوەش دەبێتە مایەی چالاکبوونی. فێربوونی مێشکی چالاک، ئاسانترە.

هەستانە سەر پێ و ئەنجامدانی کۆمەڵە جموجووڵێکی دیاریکراو لەناو پۆلدا، ئاستی فێربوون بەرز دەکاتەوە.

تێبینییەکی بچووك هەیە گرنگە ئاگاداری بین: چەندە ڕێ بگرین لە جموجووڵی منداڵان، پێویستییەکەیان بۆ جووڵان ئەوەندە زیاتر دەبێت.

بۆیە ئەو منداڵانەی لە ژینگەی سەرکوتکەردا وانە دەخوێنن، هەر کە گوێیان لە دەنگی زەنگ دەبێت، بە جارێک شاڵاو دەبەن بۆ دەرگای پۆل و بە ڕاست و چەپدا بڵاوەی لێ دەکەن.

10

باشترین فێرکار ئەوە نییە
کە قوتابییەکانی فێری
شتی زۆر دەکات، بەڵکو
ئەو فێرکارەیە کە فێری
(چۆنێتیی فێربوون)یان
دەکات

ئامانجی پەروەردە و فێرکاری ئەوە نییە، کەسانێک پێبگەیەنێت کە بۆ فێربوون هەمیشە پێویستیان بە کەسانی تر بێت..

پێشکەوتنی سیستمی پەروەردە و فێرکاری بەوە دەپێورێت، کە تا چەند سەرکەوتوو بووە لەوەی کارامەیی بەدەستهێنانی زانیاری و فێربوونی سەربەخۆ دەست تاکەکانی بخات.

زانیاریی ئامادەکراو وەکو بەربەست وایە لەبەردەم فێربوونی منداڵ.

بەڵام ئەگەر لە ڕێگەی بزواندنی پەرۆشی و خولیای پشکنینەوە، فێری (چۆنێتیی بەدەستهێنانی زانیاری)یان بکەین، ئەوکات زانیارییەکان چانسی مانەوەیان زیاتر دەبێت. ڕاستە پرۆسەکە هێواشتر ڕێ دەکات، بەڵام ئەنجامەکەی بەرهەمدارترە.

دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ منداڵدا و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی و بە بایەخ ڕوانینە ئەو شتانەی جێی بایەخی ئەون، قەڵەمبازێکی مەزن بە فێربوونی منداڵ دەدات.

بە بڕوای من، یەکێک لە هەرە جوانترین خەسڵەتەکانی فێرکار ئەوەیە، ڕێز لە ڕیتمی فێربوونی منداڵ بگرێت.

11

دروست نییه
منداڵیی ڕۆڵەکانمان
بە هی خۆمان
بەراورد بکەین

بەراورد یەکێکە لە ئاستەنگە گەورەکانی بەردەم گەشەی کەسێتی.

بەراوردکردنی منداڵ بە هاوڕێ زیرەکەکەی قوتابخانەی، بە منداڵەکەی دراوسێ، بە خوشکەکەی/براکەی...

بەراورد وەک میکانیزمێکی کۆنترۆڵی دەرەکی، نەک هەر سوود بە منداڵەکانمان ناگەیەنێت، بگرە زیانیشیان لێ دەدات، چونکە دەبێتە مایەی دڵەڕاوکە و پرۆسەی بنیادی خود دوا دەخات.

لە بەراوردکردنی منداڵ بە کەسانی تر خراپتریش هەیە، ئەویش ئەوەیە بەراوردی بکەی بە منداڵییەکەی خۆت. بۆ نا! لە کاتێکدا کە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە هەستی (دەستەوسانی و نەتوانایی) بەرهەم دەهێنێت.

ئەو منداڵەی زوو زوو دەدرێتەوە بەگوێیدا کە نەچووەتەوە سەر دایکی و باوکی و لەوان ناچێت، هەست بە داماویی خۆی دەکات و هێز لەدەست دەدات.

باشتر وایە بە مەبەستی بەراوردکردن بەسەرهاتی منداڵیی خۆمانیان بۆ نەگێڕینەوە، بەڵکو دەرفەتیان پێ بدەین خۆیان پەند و وانەی لێ دەربێنن.

12

داواکردنی شتانێک لە منداڵ کە لەسەروو تواناوەیەتی، بزێوی دەکات

بەشێکی گرنگی گەشەی کەسێتی لەوەدایە، ڕازی بێت بەو هێندەی کە منداڵەکەت لە توانایدایە بیکات.

بەتایبەت لە منداڵانی قوتابخانەدا، ئەمە وەکو پێویستی وایە. ئەو منداڵانەی بەو جۆرە ڕێز لە سنووری تواناکانیان دەگیرێت، هەست بە هێز و توانا دەکەن لە خۆیاندا و هەوڵی ئەنجامدانی شتی زیاتر دەدەن.

جاری وایە لە ڕێگەی دانانی ئامانجی گەورەوە، منداڵەکانمان تووشی هەڵپە و چاوچنۆکی دەکەین. ڕاستە هەڵپە دەتگەیەنێت بە سەرکەوتن، بەڵام دەبێت بزانرێت کە ئەوە سەرکەوتنێکی بەردەوام نییە، چونکە لە کۆتاییدا خاوەنەکەی دووچاری شەکەتی دەکات.

ئەو شەکەتییەش، هەڵچوون و شەڕانگێزی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

لەبەرئەوە پێشنیارمان بۆ بەخێوکار و پەروەردەکاران ئەوەیە، دەستخۆشی و پێزانینیان هەبێت بۆ ئەو شتانەی کە منداڵ لە سنووری تواناکانی خۆیدا ئەنجامیان دەدات، چونکە ئەم پێزانینە وای لێ دەکای ورەی ئەنجامدانی شتی تریشی بۆ دروست ببێت.

13

پەروەردەکاری سەرکەوتوو، قوتابییەکەی لەناو وانەدا فێر دەکات

ژیان تەنیا لە قوتابخانە پێک نەهاتووە.

منـدال یاریی هەیـە، دایـک و بـاوک و خوشـک و برای هەیـە و دەیەوێـت کاتـی خۆشـیان لەگـەل بەسـەر ببات.

بێبەشکردنی لە هەموو ئەو شتانەش بە بیانووی سەرکەوتن و بەدەستهێنانی نمرەی بەرز، پێشێلکردنی مافە سروشتییەکانیەتی.

شـتێکی ئاسـاییە، جاروبـار مامۆسـتا داوای یارمەتـی لـە دایـک و بـاوک بـکات بـۆ فێرکردنـی هەندێـك لـەو بابەتانەی کـە لەنـاو پۆلـدا فریایـان ناکەوێـت. گرفتەکـە لەوەدایـە ئەمـە بگۆڕێـت بـۆ دۆخێکـی بـەردەوام، چونکـە ئیتر دەبێـت دایـک و بـاوک دەسـت لـە دایکایەتی و باوکایەتـی هەڵبگرن و ببن بە مامۆسـتا لـە ماڵـەوە، بێگومـان ئەمەش لـە قازانجی گەشـەی منداڵـدا نییە.

گەشـەی منـداڵ بەندە بـەوەی تێر بخـوات لـە دایکایەتی و باوکایەتیـی باوانی.

14

ئەو دایک و باوکانەی
خەریکی مامۆستایەتین
لەناو ماڵدا،
دایک و باوکایەتییەکەی
سەرشانیان فەرامۆش
دەکەن

بەشێک لە مامۆستا و پەروەردەکاران لەژێر ناوی (ئەرکی ماڵەوە)دا، ئەرکێکی زیادە دەخەنە سەرشانی دایکان و باوکان.

لە ڕوانگەی ئەوانەوە، شکستی قوتابی لە قوتابخانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەرکەکانی ماڵەوەی جێبەجێ ناکات.

ئەمە لە کاتێکدا منداڵ لە قوتابخانە و لەگەڵ مامۆستاکەیدا فێر دەبێت، نەک لە ماڵەوە و لەگەڵ دایک و باوکیدا.

وەک دەبینن، ئەو دایک و باوکانەی ڕۆڵی مامۆستایەتی دەگێڕن لە ماڵدا، ناتوانن وەک پێویست چێژ لە دایکایەتی و باوکایەتی وەربگرن و کەشێکی خۆش بخولقێنن.

توێژینەوەکان دەریانخستووە کە کاریگەریی (ئەرکی ماڵەوە) لەسەر فێربوونی منداڵ لە قۆناغی بنەڕەتیدا، تەنیا لە هەزاردا یەکە.

پێم وایە ئەو کاریگەرییە کەمە ئەوە ناهێنێت، پەیوەندیی سروشتیی نێوان باوان و منداڵ بکەین بە قوربانی.

15

ئەو نمرەیەی قوتابی
بەدەستی دەهێنێت،
لە هەمان کاتدا نمرەی
(توانای مامۆستایەتی)ی
فێرکارەکەشیەتی

ڕۆڵی قوتابی لە قوتابخانەدا بەندە بە کۆمەڵە هۆکارێکەوە، کە ڕەنگە گرنگترینیان کارامەیی مامۆستاکەی بێت لە بواری فێرکاریدا.

مافی خۆیەتی کۆنمرە و ئەو شتانە نەکرێت بە تەنیا پێوەری سەرەتا و کۆتایی بۆ سەرکەوتن یاخود شکستی قوتابی، چونکە توانای مامۆستا لە گەیاندنی بابەتەکەی و دواندنی قوتابییەکەی، ڕۆڵێکی ئێجگار مەزنی هەیە لە پرۆسەکەدا.

نمرەی بەرزی چەند قوتابییەک مانای ئەوە نییە ئەوانی تر کۆشش ناکەن و تەمەڵن، بەڵکو لایەنێکی مەسەلەکە ئەوەیە ئەو مامۆستایە تا چەند سەرکەوتوو بووە لەوەی ڕەچاوی ئاستی تەواوی قوتابییەکانی بکات.

بۆیە کارت پێوەری هەڵسەنگاندنی نمرەی قوتابی نییە بەتەنیا، بەڵکو پێوەری هەڵسەنگاندنی ئاستی مامۆستا و دایک و باوکیشە.

16

بناغەی سەرکەوتن لە فێرکاریدا، کارکردنە لەسەر توانا ناوەکییەکانی فێرخواز

یەکێک لە دیارترین خەسڵەتەکانی قۆناغی منداڵی، خولیای پشکنینە.

خولیای بۆ هەموو شتێک هەیە: باڵندە، مێروو، ئاژەڵ، مرۆڤ.

لە سایەی ئەمەدا، بەردەوام شتی نوێ فێر دەبێت.

فێرکاری شارەزا ئاگاداری ئەم لایەنە بەهێزەی سروشتی منداڵە، لەبەرئەوە گرنگیی پێ دەدات و هەوڵ دەدات لە دەلاقەی ئەو بزوێنەرە ناوەکییەوە کار لەسەر تواناکانی بکات.

لەسەر بنەمای پەرۆشی و خولیاکانی، پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ دروست دەکات و لەگەڵیدا ڕێ دەکات.

17

فێربوونی ڕاستەقینە
سێ پلیکانەی هەیە:
پەرۆشی، ئارەزوو،
ویست

فێربوون پرۆسەیەکە پاڵنەرەکەی یان ناوەکییە یان دەرەکی.
خەڵات و سزادان و نموونەن بۆ پاڵنەری دەرەکی.

ئەو جۆرە فێربوونەی کە پاڵنەرەکەی دەرەکییە، دڵەراوکە زاڵە بەسەریدا. دڵەراوکەش ڕێگرە لەبەردەم فێربوونی درێژخایەندا.

هەروەها پاڵنەری ناوەکییە لە سێ وچان پێک هاتووە، کە یەکەمیان پەرۆشییە.

منداڵ کە شتێکی نوێی دەبینێت، پەرۆشیی بۆ دەجووڵێت.

پەرۆشی، ویستی فێربوونە لە ناخی مرۆڤدا، بۆ ئەو شتانەی کە نوێن بەلایەوە و سەرنجیان ڕادەکێشێت.

ئەگەر هیچ بەربەستێک نەبێتە پێش ئەم پاڵنەرە، دوا جار پلەیەک دەچێتە پێش و دەگۆڕێت بۆ (ئارەزوو). ئارەزووش منداڵ دەداتە بەر، بۆ ئەوەی بە ڕۆح لەگەڵ ئەو شتەدا ئاوێتە بێت کە ئەنجامی دەدات.

هەر کاتێکیش هەستی کرد توانای ئەنجامدانی ئەو کارەی هەیە کە ئارەزوویەتی، ئیتر (ویست)ی ئەنجامدان و تاقیکردنەوەی شتی نوێشی لەلا دروست دەبێت.

هەر ئەم ویستەشە وای لێ دەکات بەردەوام لە فێربووندا بێت.

دەستوەردانە پاڵنەری ناوەکیی منداڵ، دەبێتە هۆی ئەوەی ئارەزووی بزرێت و ویستی خامۆش ببێت.

بۆیە کاتێک مامۆستا دەیەوێت شتێک فێری قوتابییەکانی بکات، زۆر گرنگە سەرەتا پەرۆشییان بۆ شتەکە بجووڵێنێت. بەردەوامیی پەرۆشیش، بەندە بەوەی ئەو شتەی بخەیتە بەر دەست کە ئارەزووی بۆی جووڵاوە. دروست نییە دەست بخرێتە ئەو کارانەوە، کە ئەو بە ویست و ئارەزووەوە خەریکیانە. هەروەک چۆن نابێت سزا بدرێت لەسەر ئەو شتانەی لە توانایدا نییە، ئاواش نابێت زیادەڕەوی بکرێت لە پیاهەڵدان و پاداشتکردنیدا کاتێک شتێک دەکات، نەبادا بەو هۆیەوە ویستەکەی سست بێت.

18

بەرزترین خەسڵەتی فێرکاریی نموونەیی لەوەدایە، فێری هونەری فێرکردن ببێت

زۆربەی جار، پشکی شێر لە شکستی قوتابخانە دەخرێتە ئەستۆی منداڵان.

هەڵبەتە ئێمە دەزانین هەموو منداڵێک -ئەگەر گرفتی ئەقڵی لەئارادا نەبێت- شێوازی فێربوونی تایبەت بە خۆی هەیە.

منداڵی وا هەیە لە ڕێگەی بیستنەوە فێر دەبێت، هی واش هەیە لە ڕێگەی بینینەوە، هەندێکی تر بە نووسین و هەندێکی تریش لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە. ئازایەتیی فێرکار لەوەدایە، شێوازی فێربوونی دانەبەدانەی قوتابییەکانی بدۆزێتەوە و لەو ڕێگەیەوە بیاندوێنێت.

شکستی هەندێك قوتابی لە خوێندندا، ڕەنگە بەشێکی هی ئەوە بێت کە مامۆستاکانیان وەکو پێویست خۆیان فێری هونەری فێرکردن نەکردووە و نەیانتوانیوە کار لەسەر هۆش و هزری قوتابییەکانیان بکەن.

هەر بۆیە مامۆستای سەرکەوتوو لەبری خەتابارکردنی قوتابییەکەی بەوەی کە (فێر نابێت)، دەچێت خۆی فێری شێوازە جۆربەجۆرەکانی فێرکردن دەکات و ئاشنایی پەیدا دەکات لەگەڵ جۆرە جیاوازەکانی زیرەکی و وردەکارییەکانی پرۆسەی فێربوون لە منداڵدا.

19

فێرکار کە گوێی نەگرت، گوێشی بۆ ناگیرێت

ئامانجی بنەڕەتی لە پەروەردەدا، بریتییە لە فێربوونی قوتابی.

فێرخوازی ڕاستەقینە، بەردەوام بەدوای پرسیاری نوێوەیە. چەندە وەڵامی پرسیارەکانی وەربگرێت، ئەوەندە خولیای فێربوونی شتی نوێی لەلا دروست دەبێت.

بەپێچەوانەوە، وەڵامنەدانەوەی پرسیارەکانی دەبێتە هۆی خاوبوونەوەی ئەو تاسە و خولیایەی کە هەیەتی بۆ فێربوون، هەر ئەمەشە وا دەکات پەیوەندیی لەگەڵ مامۆستاکەیدا بپچڕێت.

مامۆستا لەسەر تەختە سەرگەرمی ڕوونکردنەوەی بابەتێکە، بەڵام ئەو تاقەتی نییە بەتاسەوە گوێ بگرێت. چونکە زانیارییەکانی پێشتر فێر نەبووە، بۆیە ئێستا ناتوانێت بابەتەکان پێکەوە ببەستێتەوە، ئیتر بەم شێوەیە ئەڵقەکانی زنجیرەی فێربوون لێك دەترازێن.

لە کەشێکی ئاوادا، قوتابی چەندە زۆریش لە خۆی بکات، هێشتا هەر ناتوانێت بەسەرنجەوە گوێ ڕادێرێت.

سەرکەوتنی منداڵ لە وانەکانیدا، پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە سەرکەوتنی مامۆستا لە وانەوتنەوەدا.

20

ئەم جۆرە دەربڕینانە:

"متمانەم پێتە، دڵنیام زۆر باش دەبیت!"

زیاتر دڵەڕاوکە بەرهەم دەهێنێت وەک لە سەرکەوتن

"دڵنیام سەرکەوتوو دەبیت" و هاوشێوەکانی دەبنە مایەی دروستکردنی فشار لەسەر منداڵ. فشاری ئەوەی ئەگەر سەرکەوتوو بێت، "لە جێی متمانەدا" دەبێت، ئەگەر پێچەوانەکەشی بێت، (لە جێی متمانەدا) نابێت.

هەستکردن بەوەی کە جێی متمانەی کەسانی تر بێت، بارێکی گرانە لەسەر دەروونی ئادەمیزاد.

زۆر گرنگە، سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی منداڵەکانمان نەبەستینەوە بە مەسەلەی متمانەوە.

سەرکەوتن چۆن شتێکی ئاساییە، سەرنەکەوتن و شکستیش بەهەمان شێوە شتێکی ئاساییە.

ئەوەشمان بیر نەچێت، هیچ شکستێک نییە کە چەندین سەرکەوتنی بچووک لە دووتوێیدا شاراوە نەبێت، بەڵام چاوێکی دەوێت ببینێت.

مەرج نییە قوتابی لە هەموو تاقیکردنەوەیەکدا دەربچێت یاخود نمرەی بەرز بەدەست بهێنێت، با بەباشی خۆیشی ئامادە کردبێت. هەر ئەوەندەی کە ئەو دەستی داوەتە کتێب و دەفتەر و هەوڵی داوە پرسیارەکان شیکار بکات، ئیتر ئەوە بۆخۆی هەنگاوی بچووکە بە ئاراستەی سەرکەوتن.

لەبەر ئەوە تەنیا گرنگیدان بە ئەنجام و فەرامۆشکردنی هەموو ئەو هەوڵانەی کە لەو پێناوەدا دراوە، ئینجا بەستنەوەی ئەوەش بە متمانەوە، هەموو ئەمانە منداڵ تووشی دڵەڕاوکە دەکات.

21

ئەنجامی تاقیکردنەوە چەندە جەختی لەسەر بکرێتەوە، نیگەرانی و دڵەڕاوکە ئەوەندە زیاد دەکات

هۆکاری سەرەکیی دڵەڕاوکەی کاتی تاقیکردنەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرنجە زۆرەی کە لەلایەن خانەوادە و مامۆستایانەوە دەخرێتە سەر ئەنجامەکان.

دڵەڕاوکە، ترسە لە دەرەنجامێکی گریمانەکراو کە خاوەنەکەی دەترسێت لە داهاتوودا ڕوو بدات.

لە حاڵەتی تاقیکردنەوەدا، منداڵ نیگەرانی ئەوەیە نمرەی بەرز بەدەست نەهێنێت و بەو هۆیەوە لەلای دایک و باوک و هاوڕێکانی لە نرخ و بەهای کەم ببێتەوە.

چەندە زیاتر خزم و کەسوکار خەمی ئەنجامی تاقیکردنەوەکەیان بێت و هەواڵی بپرسن، ئەو ئەوەندە زیاتر هەست بە دڵەڕاوکە دەکات، لەبەر ئەوە گرنگە ئاگامان لەم خاڵە بێت و زۆر لەسەر نمرە و ئەنجام نەوەستین.

"ئەگەر لە تاقیکردنەوە باش بیت/خراپ بیت وا و وا دەبێت! ئەمە کۆتا چانسە! ئەم تاقیکردنەوەیە چارەنووسی تۆ دیاری دەکات. چەند ڕۆژی ماوە بۆ تاقیکردنەوە؟ بەباشی خۆت ئامادە کردووە؟ خەمت نەبێت، تاقیکردنەوەکە ئاسانە، دڵنیام زۆر باش دەبیت." ئەم چەشنە قسانە سەرچاوەی دروستبوونی دڵەڕاوکەن.

22

خوێندنەوە بەتێگەیشتنەوە سەرکەوتن مسۆگەر دەکات، نەوەک خێرا خوێندنەوە

سیستمی کلاسیکی پەروەردە، هانی قوتابیان دەدات بۆ خێرا خوێندنەوە.

لە کاتێکدا خوێندنەوەی خێرا کاریگەریی هەیە لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی تێگەیشتن لەو دەقەی کە دەخوێنرێتەوە.

جێی خۆیەتی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی کاری زیاتر بکات لەسەر ڕاهێنانی قوتابیان، تاکو کە شتێکیان خوێندەوە لێشی تێبگەن.

خوێندنەوە بەتێگەیشتنەوە بەوە دەبێت، وشەکان دانەبەدانە و لەسەرخۆ بخوێنرێنەوە، پاشان لەگەڵ خوێندنەوەی هەر بڕگەیەکدا، شیکاری بکرێت بۆ ناوەڕۆکی ئەو بڕگەیە.

بۆ ئەم مەبەستە، گەورەساڵێک و منداڵێک دەتوانن پێکەوە دەقێک بخوێننەوە. لەدوای خوێندنەوەی هەر ڕستەیەک، واتای ڕستەکە بۆ منداڵەکەدا باس دەکرێت.

پاش ئەوەی منداڵ فێر بوو بەتێگەیشتنەوە بخوێنێتەوە، ئیتر دەتوانێت ڕاهێنان بکات لەسەر خێرا خوێندنەوە. بەڵام ئەگەر دەستبەجێ بەوە دەست پێ بکات، دوای ماوەیەک ئارەزووی خوێندنەوەی نامێنێت.

لە تەمەنی (١٠) ساڵی بەدواوە، ئاساییە منداڵ لەسەر خێرا خوێندنەوە ڕابهێنرێت.

23

مرۆڤ فێر دەبێت، فێر ناکرێت

ئەو هەوڵەی کە دەیدەیت لەپێناو ئەوەی منداڵەکەت/ قوتابییەکەت فێری شتێک بکەیت کە پەرۆشیی بۆی نییە، هەوڵێکی بێسوودە، چونکە فێربوونی ڕاستەقینە بەرهەمی پەرۆشبوونە.

فێرکاری سەرکەوتوو ئاگاداری قۆناغە جیاوازەکانی گەشەی منداڵە و دەزانێت لە چ تەمەنێکدا پەرۆشیی بۆ چ شتێک هەیە، بۆیە دەبینی زمانی ئاخاوتنیشی بەگوێرەی ئەوە ڕێک خستووە.

مەرجی بنەڕەتیی فێربوون ئەوەیە، فێرخواز ویستی فێربوونی هەبێت. بەدەستەبەرنەبوونی ئەم مەرجە، فێرکاریش و فێرخوازیش ماندوو دەبن.

24

بەکارهێنانی هەستەوەرەکان لە فێرکاریدا، زامنی درێژخایەنیی پرۆسەکەیە

یەکێک لە کۆسپەکانی بەردەم فێربوون، بریتییە لە بیرنەکەوتنەوەی ئەو شتەی کە فێری بوویت، ئەگینا خودی فێربوونەکە بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕوو دەدات.

ئەو زەحمەتەی کە لە دووبارە هێنانەوەی زانیارییەکان بۆ یادگەی کارا تووشمان دێت، بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سوودمان لە هەستەوەرەکان وەرنەگرتووە لە کاتی فێربوونەکەدا.

چەندە هەستەوەری زیاتر لە کاتی فێربوون و وەرگرتنی زانیاریدا بخرێتە کار، بیرکەوتنەوەی ئەوەندە ئاسانتر دەبێت.

فێربوون لە ڕێگەی دوو هەستەوەرەوە، بە فێربوونی زیهنی دادەنرێت. فێربوونیش لە ڕێگەی خستنەگەڕی زیاد لە سێ هەستەوەرەوە، جۆرێکی تری فێربوونە کە بە فێربوونی گرتنەخۆ دادەنرێت.

با بڵێین مامۆستا دەیەوێت پیتی (و) فێری قوتابییەکانی بکات. ئەگەر لەسەر تەختەکە (و) بنووسێت و بیخوێنێتەوە، ئەوا فێربوونی زیهنی بەکار هێناوە، چونکە بینینی پیتەکە لەسەر تەختە و بیستنی دەنگی مامۆستا، پێویستی بە بەکارهێنانی تەنیا دوو هەستەوەر هەیە.

بەڵام ئەگەر سەرباری نووسین و خوێندنەوەکەش، پیتێکی(و) یان بداتە دەست کە لە تەختە یان نایلۆن دروست کراوە، لەو حاڵەتەدا هەستەوەری سێیەم دەخاتە کار کە ئەویش هەستەوەری بەرکەوتنە.

خۆ ئەگەر پیتەکە بۆنێکی دیاریکراویشی هەبێت، ئیدی ئەوکات بیرکەوتنەوەی ئەوەندەی تر ئاسان دەبێت، چونکە هەستەوەری چوارەم هاتووەتە ناو مەسەلەکەوە کە ئەویش هەستەوەری بۆنکردنە.

25

کرۆکی فێربوونی درێژخایەن و بەردەوام، هەستی پەرۆشبوونە نەوەک زۆرلێکردن

پەرۆشبوون، گەورەترین پاڵنەری فێربوونە.

فێرکاری سەرکەوتوو، چرکەساتی جووڵانی پەرۆشیی قوتابییەکەی بە باشترین هەل دەبینێت بۆ گەیاندنی پەیامەکەی، مەبەستەکەی دەبەستێتەوە بەو شتەی قوتابییەکەی پەرۆشیەتی.

ئەو بابەتانەی پەرۆشیی منداڵەکەی جووڵاندوە، ئەگەر سەرنجی گەورەکان بەلای خۆیدا ڕانەکێشێت، ئیتر ئەویش ئارەزووی فێربوونی لاواز دەبێت.

خاڵی لاوازی ئەو قوتابییانەی بە (تەمەڵ) ناو دەبرێن، ئەوەیە پەرۆشییان نەماوە.

ڕاستە هەندێک جار فشار و زۆرلێکردن جێی خۆی دەگرێت و وا لە منداڵ دەکات فێر ببێت، بەڵام پێویستە بزانرێت کە ئەوە فێربوونێکی کاتییە، لە هەمان کاتیشدا ئارەزووی فێربوون ناهێڵێت.

فێربوونێک پەرۆشیی تێدا نەبێت، بە فێربوونێکی بەردەوام و درێژخایەن هەژمار ناکرێت.

26

هەموو شتێکی
نوێ سەرنجڕاکێشە
بۆ منداڵ، زانیاری تا
کۆن بێت، پەرۆشی
نامێنێت

منداڵ پەرۆشیی هەیە بۆ ئەو شتانەی نوێن و ئاشنا نییە پێیان.

ڕاستییەکی زانراوە کە کۆبوون و دووبارەبوونەوەی زانیارییەکان، پاڵنەری فێربوون لاواز دەکات.

بۆ نموونە؛ تەماشای ئەو منداڵانە بکە کە تازە دەچنە قوتابخانە، پەرۆشییەکی زۆریان هەیە بۆ خوێندن، بەئاسەوە دەفتەر و قەڵەم و جانتا دەکڕن، لە سەرەتاوە بەپراکردن دەچن بەرەو قوتابخانە.

خۆ ئەگەر لەم قۆناغە بەرهەمدارەدا ئێمەش وەکو خێزان و قوتابخانە بتوانین پاڵپشتییان بکەین، ئیتر ئەوانیش بە یارمەتیی پاڵنەرە ناوەکییەکەی ناخیان، بە شێوەیەکی سەرکەوتوو دەچنە ناو پرۆسەکەوە.

هەر شتێک منداڵ پەرۆشیی بۆی هەبێت، وەکو دەرگایەکی ئاوەڵا وایە کە دەتوانین لێیەوە بچینە ناو دڵ و هۆشییەوە. بەڵام ئەگەر لە کاتی خۆیدا نەچینە ژوورەوە، دەرگاکە بە ڕووماندا دادەخرێت.

فێربوون بۆ ئەو منداڵانەی کە دەرگاکانی پەرۆشییان داخراوە، پرۆسەیەکی ماندووکەرە؛ هەم خۆیان ماندوو دەبن، هەم مامۆستاکانیشیان.

27

هەر فێرکارییەک پەرۆشیی تێدا نەبێت، فێرکارییەکی ناسەرکەوتووە

جوانترین تایبەتمەندیی فێرکاریی نموونەیی ئەوەیە، توانای جوولاندنی پەرۆشیی قوتابییەکانی هەیە.

لەبەرامبەردا، ئەو فێرکارەی ناتوانێت سەرنجی قوتابییەکانی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، ناتوانین وەسفی فێرکاری سەرکەوتووی بدەینە پاڵ.

خوێندنێکی لەو جۆرە کە تێیدا منداڵ چێژ وەرناگرێت لەو شتانەی فێریان دەبێت، نازانم تا چەند خوێندنێکی سەرکەوتووە! چونکە پاش ماوەیەک زۆربەی ئەو شتانەی بیر دەچێتەوە کە فێریان بووە. بۆیە لە زۆربەی قۆناغەکانی خوێندندا، قوتابی ئەو زانیارییانەی بیر نایەت کە لە قۆناغەکانی پێشتردا فێریان بووە.

بۆ نموونە؛ جۆشوخرۆشی ئەو منداڵەی کە حەزی لە ژماردنی پێیەکانی هەزارپێیە، دەبێت مامۆستای بیرکارییەکەشی بهێنێتە جۆشوخرۆش. چونکە ئەو کاتەدا کە پێکەوە خەریکی ژماردنی پێیەکانی هەزارپێیەکەن، پاڵنەرێکی گەورەی تێدا دروست دەبێت بۆ فێربوونی ژمارەکان.

یاخود ئەو منداڵەی کە حەزی لە مۆزیکە و ئاشنای هونەری کلتوورە جیاوازەکانە، کاتێک لەسەر نەخشە هەڵکەوتەی جوگرافیی وڵاتەکان و شێوازی مۆزیک و هونەرەکانیان دەبینێت، ئارەزووشی بۆ فێربوونی جوگرافیا زیاتر دەبێت.

پێگەیاندنی قوتابیی سەرکەوتوو، کاری ئەو فێرکارانەیە کە دەزانن لە دەرگای هۆش و بیری قوتابییەکانیان بدەن.

28

منداڵ پێویستی
به خوێندنه‌وه‌ی
ئه‌و جۆره كتێبانه‌یه
كه په‌رۆشیی
ده‌جووڵێنن

دەتوانم بڵێم، زۆرێک لە دایکان و باوکان بەهەڕەمەکی کتێب بۆ منداڵەکانیان دەکڕن، زیاتر ئەو کتێبانەیان بەلاوە پەسەندە، کە ناونیشانەکەی یان بەرگەکەی سەرنجڕاکێشە.

بەڵام ئێمە دەزانین هەموو کتێبێک شیاوی ئەوە نییە منداڵ بیخوێنێتەوە. بەر لە هەموو شتێک، پێویستە نووسەری کتێبەکە کەسایەتییەک بێت ئاشنای ڕۆحی منداڵ بێت.

مەرجیش نییە تەرز و شێوازی نووسینی هەموو نووسەرێک، بۆ هەموو منداڵێک گونجاو بێت.

ڕاهاتنی منداڵ لەسەر خوێندنەوە، بەندە بەوەی ئەو چەشنە کتێبانەی بخەیتە بەر دەست کە پەرۆشی و ماخۆلانی پشکنینی دەبزوێنن، ئەمەش داخوازی ئەوەیە پێشتر خۆت شەنوکەوێکی ناوەڕۆکەکەیت کردبێت.

هەندێک جار زۆر لە منداڵەکانمان دەکەین کە بۆچی حەزیان لە کتێب خوێندنەوە نییە، کەچی ناچین بزانین حەزیان لە چ جۆرە کتێبێکە و چ تەرزێکی گێڕانەوە لەگەڵیاندا دێتەوە.

خوێندنەوە لای ئەو منداڵانە دەبێت بە خوو کە حەزیان لە چییە ئەوە دەخوێننەوە، نەوەک ئەو منداڵانەی زۆریان لێ دەکرێت بۆ ئەوەی زۆرترین کتێب بخوێننەوە.

پێوەری کتێبی باش، بەرگ و ناونیشانەکەی، واتە تایبەتمەندییە دەرەکییەکانی نییە، بەڵکو ناوەڕۆک و شێوازەکەیەتی.

29

فێرکاری سەرکەوتوو لە
ڕێگەی وروووژاندنی پەرۆشیی
قوتابییەکانیەوە و فێرکاری
ناسەرکەوتووش لە ڕێگەی
سەرکوتکردنەوە، بێدەنگیی
ناو پۆل دەستەبەر دەکات

پەروەشی پاڵنەرێکی ناوەکیی ئەوەندە بەهێزە، کاتێک پەروەشیمان بۆ فێربوونی شتێک دەجووڵێت، بە تەواوی بوونمانەوە خۆمانی دەدەینێ.

لە کەشێکی وادا، بێدەنگی باڵ بەسەر هەموو لایەکدا دەکێشێت.

فێرکاری سەرکەوتوو بۆ پاراستنی بێدەنگیی پۆلەکەی پەنا ناباتە بەر زەبروزەنگ، بەڵکو سوود لە هێزی جووڵاندنی مەراقی قوتابییەکانی وەردەگرێت.

30

بەکارهێنانی سزا، پەرۆشیی منداڵ ناهێڵێت

پەرۆشی پاڵنەرێکی ناوەکییە، وزەیەکی پڕی ناو ناخی منداڵە.

هەرچی سزایە پاڵنەرێکی دەرەکییە. بەکارهێنانی سزا لە پرۆسەی فێربووندا، زیان لە پاڵنەرە ناوەکییەکەی ناخی منداڵ دەدات و هەستی خۆبەهیچزانی لەلا دروست دەکات.

ئەو منداڵانەی هەست بە سووکایەتی دەکەن و خۆیان لا بێنرخە، چێژ لە فێربوون وەرناگرن و جۆشوخرۆش لەدەست دەدەن.

جاری وایە منداڵ لە ترسی سزا، بە جۆرێک خۆی نیشان دەدات وەک ئەوەی فێر بوویێت، بەڵام ئەوە بە فێربوونی ڕاستەقینە دانانرێت، چونکە بە ترس و دڵەڕاوکەوە فێر بووە و ئەگەری زۆرە دوای ماوەیەک لەبیری بچێتەوە.

31

چارەسەرکردنی کێشە، خەسڵەتی ئەو منداڵانەیە کە ڕێگەیان دراوە خۆیان بسەلمێنن

زۆرترین هەوڵ و کۆششی منداڵانی قوتابخانە، خۆسەلماندنە.

کاتێک قژی دادەهێنێت و پۆشاکی جوان دەپۆشێت و حەز دەکات لەناو هاوڕێکانیدا پێگەیەکی هەبێت، مەبەستی ئەوەیە خۆی بسەلمێنێت.

لەگەڵ پڕبوونەوەی ئەم پێداویستییانەدا، کەسێتییەکەشی گەشە دەکات و هەڵچوونەکانی هێور دەبنەوە و جۆرێک لە ئارامیی دەروونی بەدەست دەهێنێت.

زۆر گرنگە دایک و باوک لەم تەمەنەدا نرخ و بەها بدەن بە منداڵەکانیان و ڕێز لە بڕیارەکانیان بگرن و بەبایەخەوە گوێیان بۆ بگرن، چونکە پێویستی بەوەیە هەست بکات مرۆڤێکی گرنگ و خاوەن ڕێزە.

ئەو منداڵانەی بەم شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە، کاتێک ڕووبەڕووی کێشەیەک دەبنەوە، دنیایان لێ نایەتەوە یەک و سەریان لێ ناشێوێت. لەبری ئەوە، بەئارامی هەوڵی دۆزینەوەی ڕێچارەیەک دەدەن.

یەکێک لە مەرجەکانی توانای چارەسەرکردنی کێشە ئەوەیە، ئارامیی خۆت بپارێزیت و بەرچاوڕوون بیت.

گەورەترین خاڵی بەهێزی ئەو منداڵانەی ڕێگەیان دراوە خۆیان بسەلمێنن ئەوەیە، هێمن و بەرچاوڕوونن.

32

شەڕەنگێزی، ڕەنگدانەوەی هەستی خۆبەکەمزانینە

قوولترین هەستی ناو ناخی ئەو منداڵەی نەیتوانیوە خۆی بسەلمێنێت، هەستی بێزیی خودە (خۆی بەلاوە بێنرخە).

ئەم هەستە هۆکاری خۆبەکەمزانینە.

ئەو کەسەی ڕێزی خودی نییە، دەروونی تەژییە لە هەستی نەرێنی بەرامبەر دەورووبەرەکەی.

ئەو منداڵەی خۆی بە کەم دەبینێت لەچاو ئەوانی تردا، ناتوانێت پەیوەندییەکی بنیاتنەر لەگەڵ دەورووبەریدا دروست بکات.

بەگشتی ئەو جۆرە منداڵانە، نائارام و شەڕانی و هاروهاجن.

چەندین بەربەستیان خستووەتە نێوان خۆیان و ئەوانی ترەوە.

نرخپێدان و بە گرنگزانین، لە باشترینی ئەو شتانەن کە پەروەشیاران و فێرکاران بەرامبەر منداڵانی قوتابخانە ئەنجامی بدەن.

33

وەلانان و پەراوێزخستن، مایەی هەستکردنە بە خۆبەکەمزانین

خۆبەکەمزانین، یەکێکە لە گەورەترین بەربەستەکانی بەردەم گەشەی کەسێتی.

خۆبەکەمزانین کاتێک سەر هەڵدەدات، کە هەست بکەیت تەرازووی یەکسانی نێوان خۆت و بەرامبەرەکەت لە بەرژەوەندیی لایەنی بەرامبەر پارسەنگ بووە.

گرنگیپێدان و پیاهەڵدانی قوتابییەک لەناو هاوپۆلەکانیدا، بە واتای بە سووک تەماشاکردنی ئەوانی تر دێت.

لەنێوان خوشک و براکانیشدا هەر وایە؛ پەسەندکردنی یەکێکیان بەسەر ئەوانی تردا، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوانی تر هەست بە کەمیی خۆیان بکەن.

بەشێک لە گەورەساڵان پێیان وایە لە ڕێگەی بەراوردکردن و تێکدانی یەکسانیی نێوان منداڵەکانیان، دەتوانن زیاتر هانیان بدەن بۆ خوێندن و بەدەستهێنانی نمرەی بەرز، لەبەر ئەوە لەناو گرووپێکدا (زیرەکترینەکە یان باشترینەکە) دەردەهێنن و خەڵاتی دەکەن، گومانیان وایە بەو شێوەیە ئەوانی دی چاوی لێ دەکەن و ورەیان بەرز دەبێتەوە.

لە کاتێکدا ئێمە دەزانین خەڵاتکردنی تاکەکەسێک لەناو کۆمەڵێکدا، وەکو ئەوە وایە ئەوانی ترت سزا دابێت.

بۆیە ئەگەر بڕیار بێت لەناو چەند منداڵێکدا یەکێکیان دەستنیشان بکەین و پەسەندی بکەین، ئەوا دەبێت هەموویان دەستنیشان بکەین و هەمووشیان پەسەند بکەین.

34

ئالوودەبوون لە منداڵدا، دەرەنجامی هەستکردنە بە کەمتوانایی

(ئالوودەبـوون) یەکێکـی تـرە لـە گرفتـی ڕەفتاریی ئـەو منداڵانەی خۆیـان بـە کەمتوانـا و دەستەوسـان دەبینن.

بـۆ نموونـە؛ ئـەو منداڵـەی لـە قوتابخانـە هەسـت بـە کەمتوانایی خـۆی دەکات، هـاوڕێ زیرەکەکانی لەبەر چاوی خـۆی گەورە دەکات (سەرسـام دەبێت پێیـان) و بە هەموو جۆرێک هەوڵـی خۆنزیککردنەوە دەدات لێیـان، هەسـت بـە داماویی خـۆی دەکات لە ئاستیاندا.

سـەیر لەوەدایـە، ئەگـەر شـتێک هەبێـت ئـەم نەتوانێـت کارزانـی و لێهاتوویی خۆی تێدا نیشـان بدات، بە شـێوەیەکی نائاسایی سەرسامی ئەوانـە دەبێـت کـە لـەو شـتەدا سـەرکەوتوون، تەنانـەت هەندێك جار دەگاتـە ئاسـتی ئالوودەبوون.

زۆرێک لە گەورەساڵان وا گومان دەبەن ئەگەر لای منداڵەکانیان باسی سەرکەوتنی کەسانی تر بکەن، ئەوا منداڵەکانیان چاویان لێ دەکەن و گرِوتین دەدەنە بەر خۆیان. ڕەنگە نەزانن ئەم جۆرە ڕەفتارە زیاد لە ورەبەخشین، هەستکردن بە کەمتوانایی بەرهەم دەهێنێت.

ئیـدی لـە سـایەی ئـەم ڕەفتـارەدا، منـداڵ کەمتواناییەکـەی خـۆی پشتڕاسـت دەکاتـەوە و دڵنیـا دەبێتەوە لـەوەی کـە گەورەکانیش پێیان وایـە (ئـەم ناتوانێت).

بەراوردکـردن یەکێکـە لـەو هەڵـە نەخوازراوانەی، گەورەسـاڵان بە نیازێکـی باشـەوە تێـی دەکەون. ئەگـەر بیانزانیایـە منداڵ بـەو ڕەفتارە هەسـت بە دەستەوسـانیی خـۆی دەکات لەچـاو ئەوانی تـردا، دڵنیام دووبارەیـان نەدەکردەوە.

جێـی خۆیەتـی فێرکارانیـش ئـاگاداری ئـەم وردەکارییـە بـن، بـە هـۆی هەڵنانـی یـەک دوو قوتابییـەوە، هەسـتی کەمتوانایـی لەوانـی تـردا دروسـت نەکـەن.

35

یەکێک لە دیارترین خەسڵەتەکانی منداڵی قوتابخانە، شت بیرچوونەوەیە

منداڵانی قوتابخانە ئیشوکاریان زۆرە: وانەخوێندن، ئەرکی ماڵەوە، یاری و یاری و... هتد.

لەبەر ئەوە بەشێکی زۆری منداڵان بەبەردەوامی شتێک هەیە لە قوتابخانە بیریان چووبێت؛ بەکێک دەفتەرەکەی بیر دەچێت، یەکێکی تر لاستیکەکەی یان قەڵەمەکەی.

کەسێک ئەوەندە سەرقاڵ بێت، ئاسایە شتیشی بیر بچێت.

لەبری ئەوەی بە هۆی لەبیرچوونەکەیەوە فشاری بخەینە سەر، باشتر وایە یارمەتیی بدەین تاوەکو شتەکانی بیر بکەوێتەوە.

ئەوەشمان بیر نەچێت کە بەکارهێنانی فشار و زۆرلێکردن، ئەوەندەی تر لەبیرچوونەوەکەی زیاتر دەکات.

36

بەکارهێنانی فشار لە پەروەردە و فێرکردندا، دەبێتە مایەی لاوازبوونی منداڵ لە ڕووی سۆزدارییەوە

ئەو فێربوونەی لە ڕێگەی زیهنەوە ئەنجام دەدرێت، ئەگەرچی بە پرۆسەیەکی ئاسان و خێراش دادەنرێت، لە ڕووی ماوەوە کورتخایەنە.

لەبەرامبەردا پرۆسەی فێربوون لە ڕێگەی هەستەکانەوە هەیە، ڕاستە ئەمەیان بەراورد بە ئەو هێواشترە، بەڵام ماوەکەی درێژخایەنترە.

زۆرلێکردن و چاوترساندن دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان هەستەکانیان سەرکوت بکەن و لە ناخی خۆیاندا گلیان بدەنەوە.

ڕەنگە بەو جۆرە چالاکییە زیهنییەکان خێراتر ببن، بەڵام خۆ کەسێتیی منداڵ تەنیا لەو شتانە پێک نەهاتووە کە فێریان دەبێت، ئەو لە هەمان کاتدا خاوەن ڕەهەندێکی گرنگی دیکەشە کە ئەویش دنیای هەستەکانیەتی، لە ڕاستیدا ئەم لایەنە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە بنیادی کەسێتییەکەیەوە.

لەبەر ئەوە پێویستە گەشەی زیهنی و سۆزداری شانبەشانی یەک بڕۆن و هیچ کامیان نەکرێتە قوربانی ئەوی دیکەیان.

37

توندوتیژیی ناڕاستەوخۆ، هێندەی توندوتیژیی ڕاستەوخۆ کاریگەریی ڕووخێنەری هەیە

منداڵێک لێی دەدرێت و منداڵێکی تریش بینەری لێدانەکەیە، ئەوەی دووەمیان بە ئەندازەی ئەوەی یەکەمیان قوربانیی توندوتیژییەکەیە.

چونکە ئەو منداڵەی ڕووبەڕووی توندوتیژی بووەتەوە، دەتوانێت خۆی بخواتەوە و هەستەکانی سڕ بکات، واتە لە ناخیدا جۆرێک لە بەرگری بەرامبەر کاریگەرییە خراپەکانی توندوتیژییەکە پەیدا دەکات.

کەچی ئەو منداڵەی بینەری لێدانەکە بووە، لە قوربانییەکە زیاتر تووشی ترس و خورپە دەبێت، چونکە هیچ نازانێت دەربارەی ئەو ئازارەی قوربانییەکە چەشتوویەتی.

کاتێک منداڵێک لەناو پۆلدا ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە، دەبێت بزانرێت کە هاوپۆلەکانیشی هێندەی ئەو زیانیان بەر دەکەوێت.

لەبەر ئەوە جێی خۆیەتی دایکان و باوکان بێدەنگ نەبن لە ئاست هیچ جۆرە توندوتیژییەکدا کە بەرامبەر منداڵان ئەنجام دەدرێت، ئیتر گرنگ نییە منداڵی خۆیانی تێدایە یان نا.

38

له كاتی به‌كارهێنانی
ده‌غیله‌دا، ده‌بێت ئاگاداری
ئه‌و هێڵه باریكه بین كه
له‌نێوان ده‌ستپێوه‌گرتن و
خۆپه‌رستیدا هه‌یه

گەورەسالان هانی منداڵەکانیان دەدەن بۆ بەکارهێنانی دەغیلە، مەبەستیانە لەو ڕێگەیەوە فێری ڕەوشتی دەستپێوەگرتن و پاشەکەوتیان بکەن.

بەڵام لە هەندێك باردا، پارە کۆکردنەوەکە لەجیاتی ئەوەی فێری دەستپێوەگرتنی بکات، بەرەو خۆپەرستی پەلکێشی دەکات.

چەندە پاشەکەوتەکانی بە موڵکی خۆی بزانێت، ئەوەندە بەگران لە دەستی دەبێتەوە.

گریمان دایکی یان باوکی داوای هەزار دیناری لێ دەکات، بەڵام ئەو دەڵێت "نەخێر"، یان بەو مەرجە دەیانداتێ کە دواتر بیدەنەوە.

لە ڕاستیدا ئەمە پێی ناوترێت دەستپێوەگرتن، بەڵکو ئەمە لاوازبوونی توانای دەستبەرداربوونە.

بەشێکی گرنگی بەهێزبوونی ئیرادەش، بریتییە لە توانای دەستبەرداربوون.

لەبەر ئەوە باشتر وایە هانی بدەین بۆ پاشەکەوتکردنی پارە، بەڵام نەك بۆ خۆی، بەڵکو بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستیان پێیەتی. بەم جۆرە لەبری ئەوەی دڵی ببەسترێتەوە بە ماڵ و سامانەکەیەوە، دڵی وابەستەی ئەو هاوکارییە مرۆییە دەبێت کە پێشکەشی خوشک و برا مرۆڤەکانی دەکات.

هەڵبەتە بەم شێوەیە، توانای دەستبەرداربوونیشی لە شتەکان بەهێزتر دەبێت.

39

(7) ساڵی، تەمەنی ئەسپسوارییە، مامەڵەی منداڵ لەگەڵ ئەسپدا وای لێ دەکات هەست بە بەهێزی بکات

ئەو دایک و باوکانەی خوازیاری ئەوەن منداڵی بەهێز پێبگەیەنن، پێشنیارمان بۆیان ئەوەیە سوود لە هێزی ئەسپ وەربگرن.

ئەسپسواری تاکە وەرزشێکە لەگەڵ گیانداردا ئەنجام بدرێت، ئاژەڵێک کە لەوپەڕی بەهێزیدایە.

سواربوونی ئەسپ دەرفەتی ئەوەی پێ دەبەخشێت هەست بە هێز و توانای خۆی بکات، چونکە توانیویەتی گیاندارێکی بەهێز ڕامبکات.

ئەمە جگە لەوەی کە توانای چڕکردنەوەی سەرنجی بەهێزتر دەبێت، لەگەڵ ڕۆحی گیانلەبەرێکدا ئاوێتە دەبێت و هێزی لە هەڵمەت و توانستەکەی وەردەگرێت.

لەبەر ئەم هۆیانە، ئەسپسواری بە یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی بەهێزکردنی کەسایەتی دادەنرێت.

(چارەسەر لە ڕێگەی ئەسپەوە)، یەکێکە لە ڕێگە چارەسەرییە سەردەمییەکان، بەتایبەت بۆ ئەو منداڵانەی کە کەسێتییان لاوازە و هەستی متمانەبەخۆبوونیان لەدەست داوە.

40

بیستنی دەنگی کەڵەشێر و دەستهێنان بە بەرخ و کاردا، لە باشترینی چارەسەرەکانە

ئادەمیزاد ئاتاجی سروشتە، ئاتاجی بیستنی دەنگی زیندەوەرانی تر و دەستپێداهێنانیانە، ئاتاجی پیاسەکردنە بەناو خۆڵ و لمدا، جا تۆ بڵێ، ئاتاجی چی نییە!

بۆ وا نەبێت، مەگەر ئەویش بەشێک نییە لە سروشت!

سەقامگیریی ناخیشی بەندە بەوەی چەندێک لەگەڵ سروشتدا دەستلەملانە.

منداڵی سەردەم کە فێری ژیانی ناوشار بووە و بێبەش لە باوەشی سروشت چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، زیادەڕەوی ناکەین گەر بڵێین شتی زۆری لەکیس چووە.

هەلی گەڕان بەناو سروشتدا لەگەڵماڵومنداڵ، هەلێکی زێڕینە کە پێویستە کەس لەدەستی خۆی نەدات. گرنگە ئەو زەمینەیە بسازێنین کە منداڵەکانمان گوێیان لە وەڕەی سەگ و باعەی مەڕ بێت و بە چاوی خۆیان کەروێشکەکان ببینن کاتێک هەڵدەقونن.

بێگومان گەشەی سۆزداریی منداڵێک کە دۆستی ژینگە و گیاندارانە، وەک ئەو منداڵە نییە کە لە ژیانیدا گوێی لە قووقەی کەڵەشێر و حیلەی ئەسپێک نەبووە.

41

کرۆکی
هەریەک لە ئێمە،
منداڵییەکەیەتی

تەبایی و هاوئاهەنگیی گەورەساڵان لەگەڵ ژیان و کەسانی چواردەوریاندا، لە ڕێگەی ئەو هەستانەوە پێک دێتەوە کە لە سەردەمی منداڵییاندا لەسەر پەڕەی ڕۆحیان نەخشاوە.

لە منداڵیدا چەندە سەربەستانە لەگەڵ هەستەکانمان ژیابین، لە گەورەییدا ئەوەندە دەتوانین کارامەیی ژیانکردن بنوێنین.

کرۆکی مرۆڤ، منداڵییەکەیەتی. ئەو بەشەی تری ژیانیش -تا ڕادەیەکی زۆر- جگە لە ڕەنگدانەوەی ئەو کرۆکە، هیچی دیکە نییە.

جا بۆیە پێگەیشتووەکان چەندە بە ڕێز و ڕەچاوکردنی شکۆی مرۆڤانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، ئەو ناوکەش ئەوەندە بەرێکی جوان و شیرینی لێ دەردەچێت.

بەڵێ، کرۆکی درەخت، نەمامەکەیەتی.

کرۆکی میوە، ناوکەکەیەتی.

کرۆکی مرۆڤیش، منداڵییەکەیەتی.

42

"ماشەڵڵا هەر دەڵێی کوڕە!"

ئەم دەربڕینە ناهەقییە بەرامبەر کەسێتیی کچان

هەندێك لە دایكان و باوكان، وا دەدەن بە گوێی كچەكانیاندا كە سروشت و هەڵسوكەوتیان لە كوڕان دەچێت.

پێیان خۆشە كچەكانیان وەكو كوڕان بن، بەو ئومێدەی لە كوڕان پارێزراو بن و بەهرە ئاوازەكانیان بەدەر بخەن.

لە ڕاستیدا ئەمە كارێكی دروست نییە، چونكە كچ و كوڕ دوو سروشتی جیاوازیان هەیە.

حاڵەتە تەندروستەكە ئەوەیە، هەستەكانی كچان كچانە و هەستەكانی كوڕانیش كوڕانە گەشە بكات.

تۆخكردنەوەی لایەنی كوڕانیی كچان بە هەر هۆیەك بێت، دەبێتە هۆی ئەوەی هەستەكانیان وەكو هەستی كوڕانی لێ بێت. كاریگەریی ئەمەش لە داهاتوودا، لەوەدا دەردەكەوێت كە حەز ناكەن سروشتی خانومانیی خۆیان دەربخەن، ناسكی و نەرمونیانی دەبێتە شتێكی سەیر و نامۆ بۆیان، وا دەزانن ئازایەتی لەوەدایە ڕەق و زبرانە بجووڵێنەوە.

شێواندنی فیترەت و سروشتی ڕەسەن ئەوەیە، ببێتە ڕێگر لەوەی كچەكەت وا هەست بكات كە خانمێكی خانومانە، بەدەر لەوەی ئەمە ناهەقییەكە بەرامبەر ئەو كچانە دەكرێت.

43

منداڵ پێش ئەوەی هەر شتێک بێت، مرۆڤە، ئینجا منداڵە

لەدوای (٧) ساڵییەوە، منداڵ چەندە هەست بە بوونی خۆی بکات و خەریکی یاریکردن بێت، ئەوەندە خاوەن کەسێتییەکی بەهێزی لێ دەردەچێت.

دانان بە بوونی منداڵدا، بەخشندەییەک نییە گەورەکان بینوێنن، بەڵکو مافی سروشتیی منداڵ خۆیەتی.

چونکە ئەو سەرەتا مرۆڤە، ئینجا منداڵ.

ڕێزگرتنی مرۆڤانە لە مرۆڤ، خەسڵەتێک نییە خۆمانی پێوە هەڵبکێشین، مەگەر مرۆڤ نابێت مرۆڤانە ڕەفتار بکات!

جا مادەم ئەویش مرۆڤە، مافی خۆیەتی پەیوەندییەکی مرۆڤانەی لەگەڵدا ببەستین.

44

ئەگەر ڕێز لە منداڵ بگیرێت، ئەویش فێر دەبێت ڕێز لە کەسانی تر بگرێت

ڕێزگرتن لە کەسانی تر، تایبەتمەندییەک نییە لە خۆڕسکەوە تیاماندا بێت، بەڵکو دواتر بەدەستی دەهێنین.

مرۆڤ بەو ئەندازەیەی ڕێزی لێ گیراوە، دەتوانێت ڕێز لە کەسانی تر بگرێت..

کەسێک کە لە منداڵیدا هەستی بە گرنگی و ڕێزی خۆی کردبێت، زۆر چاک لە بایەخی هەستکردنی مرۆڤ بە ڕێزی خۆی تێدەگات.

بەپێچەوانەوە، ئەو منداڵەی تامی ڕێزی خودی نەچەشتووە، نازانێت ڕێزی دەوروبەرەکەشی بگرێت، بگرە بە پێویستیشی نازانێت.

ئەو گەورەساڵەی دەیەوێت منداڵەکەی ڕێزی بگرێت، دەبێت سەرەتا خۆی ڕابهێنێت لەسەر ئەوەی بەڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

45

"ئا وەرە، بزانم ناوت چییە؟"

ئەم جۆرە ئاخاوتنە
منداڵ نارەحەت
دەکات

دواندنی منداڵ بە شێوازی فرمان بەسەردا کردن، هەستی بێدەسەلاتی لە ناخیدا دەجووڵێنێت.

کاتێک خۆمان بە منداڵ دەناسێنین، گرنگە خاکی بین و مامەڵەمان نەرمونیان بێت.

باشتر وایە ئێمە بچین بۆ لایان، بچەمینەوە تا ئاستی چاویان و بە ڕوویەکی گەشەوە سڵاویان لێ بکەین. پاشان دەتوانین بڵێین: "دەتوانم بتناسم؟"

بانگکردن بە ئاماژەی دەست و دەنگی بەرز و ڕووخساری مۆن، لە نموونەی ئەو ڕەفتارانەن کە دەبنە هۆی ئەوەی منداڵ هەست بە بێنرخیی خۆی بکات.

46

هەڵچوون، هەوڵی لابردنی ئەو کۆسپەیە کە خراوەتە بەردەم ویستی خۆسەلماندن

منـــداڵ بـــە یارمەتیـــی پاڵنـــەرە ناوەکییەکـــەی ناخـــی، هەنگاوبەهەنـــگاو درێـــژە بـــە گەشـــەی دەدات.

منداڵێکـی (٣) سـاڵان بایـەخ بـەو شـتانە نـادات کـە جێی بایەخـی منداڵێکـی (١٠) سـاڵانە. هەروەهـا منداڵێکی (١٠) سـاڵیش بێباکـە لەو شـتانەی کە بـەلای تازەلاوێکـەوە گرنگە.

بازنەی پەرۆشـی لە سـەرەتادا تەسـکە، بە تێپەڕبوونی کات فراوان دەبێت.

ڕێگرتـن لـە فراوانبوونـی بازنـەی پەرۆشـبوون لـە هـەر قۆناغێکـدا بێـت، لـە قازانجـی پرۆسـەی گەشـەکردن نییـە. بـەڵام منـداڵ بەئاسـانی خـۆی نـادات بەدەسـتەوە، هەمـوو هـەوڵ و تەقـەلای خـۆی دەخاتـە گـەڕ بـۆ بەردەوامیـدان بـە گەشـەکەی و لابردنـی کۆسـپەکانی سـەر ڕێـی.

بـۆ نموونـە؛ لـە (٤) سـاڵی سـەرەتای تەمەنـدا، منـداڵ ویسـتێکی بەگـوڕی هەیـە بـۆ ناسـینی شـتەکانی دەورووبەری. بۆیـە گرتنـەوەی لـەوەی ئـەم ویسـتەی بەجـێ بهێنێـت، ڕێگـە خـۆش دەکات بۆ ئەوەی هەڵسـوکەوتی شـەڕەنگێزانە بنوێنێت.

ڕێگەگرتـن لـە منداڵـی قوتابخانـە بـۆ ئـەوەی هاوڕێیەتیـی کـەس نـەکات، تووشـی دڵتەنگیـی دەکات.

حسابنەکردن بۆ هەرزەکار، دەبێتە مایەی تووڕەبوونی.

لـەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین سـەرچاوەی زۆرێـک لە ڕەفتارە شـەڕەنگێزییەکان، دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕێگەگرتـن لـە گەشـە نەوەک بێزێـزی نوانـدن.

47

چارەسەری سەرنجپەرتی به دەرمان نابێت، بە ڕێکخستنەوەی کەشی خێزانی دەبێت

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرنجپەرتی لای منداڵان، تێکچوونی شیرازەی خێزانە.

ئەو ماڵانەی هاوسەنگیی ژیانی ڕۆژانەیان تێدا دانەمەزراوە، ئەو خێزانانەی دایک و باوکەکەی پێکەوە ناگونجێن، ئەو کەشە سەرکوتکەرانەی کە منداڵ ناتوانێت خۆی تێدا بسەلمێنێت، هەموو ئەوانە دڵ و دەروونی منداڵ دەشێوێنن.

بیر و هۆشیان شپرز دەبێت.

چاکبوونەوەی ئەو جۆرە منداڵانە بە دەرمان نابێت، بەوە دەبێت کەشێکی خێزانی سەقامگیریان بۆ فەراهەم بهێنرێت.

منداڵێک نەتوانێت هۆگری لەگەڵ باوکیدا پەیدا بکات و کاتی خۆش لەگەڵ دایکیدا بەسەر ببات، چۆن چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێت بیروهۆشی لەسەر خۆی بێت!

48

ئەو یارییانە سەرنج بەهێز دەکەن، کە لەگەڵ مرۆڤدا ئەنجام دەدرێن

جاری وایە دایکان و باوکان دەکەونە هەڵەی ئەوەی، کە پێیان وایە منداڵەکەیان بەس حەزی بەوەیە خۆی بە کەلوپەلی یارییەکانیەوە خەریک بکات.

کەچی لە ڕاستیدا منداڵ زیاتر حەزی بەوەیە یاری لەگەڵ مرۆڤدا بکات.

هیچ یارییەک ناگاتەوە بەو یارییەی لەگەڵ باوانیدا دەیکات.

لەبری کڕینی یاریی زیاتر، باشتر وایە ئەو کاتانە زیاد بکەین کە ئێمەش یارییان لەگەڵ دەکەین و کاتی خۆشیان لەگەڵ بەسەر دەبەین.

49

سەرنجی قوتابی، بە ئەندازەی جۆشوخرۆشی مامۆستاکەیەتی

خولیای پشکنین سەرچاوەی وزەی ناوەکییە، خاوەنەکەی زیندە ڕادەگرێت و ئارەزووی فێربوونی تێدا دەبزوێنێت.

ئەوانەی خاوەن پەرۆشبوونن، لە ڕێگەی جۆش و هەیەجانەکەیانەوە پەرۆشبوونی کەسانی تریش دەجوولێنن.

مامۆستا کاتێک دەتوانێت پەرۆشیی قوتابییەکانی بجوولێنێت، کە خۆی دڵی بە زیان خۆشبێت و نەکەوتبێتە داوی ڕۆتینی کوشندەوە.

بە سەرنجدان لە جۆش و تاسەی مامۆستا، دەتوانین هێزی پەرۆشبوون و ئارەزووی فێربوونی قوتابییەکانی بخەملێنین.

50

ملکەچکردنی منداڵ لە ڕێگەی ترساندنی بە چەمکی خودا و دۆزەخ،
قۆستنەوەیەکی نەخوازراوی ئایینە

فۆستنەوە بریتییە لە بەکارهێنانی شتێک وەکو ئامراز، بە نیازی گەیشتن بە مەرامێکی دیاریکراو.

بەکارهێنانی چەمکە ئایینییەکان بە ئاڕاستەیەک کە ملکەچی و گوێڕایەڵیی منداڵەکەت بۆ دەستەبەر بکات، بە جۆرێک لە خراپ بەکارهێنانی ئایین لەقەڵەم دەدرێت.

گەورەساڵی وا هەیە، لەپای چەسپاندنی خوویەکی دیاریکراو لە منداڵەکەیدا، ناسڵەمێتەوە لەوەی ئایین بکاتە ئامرازی چاوترساندن. ئەمە لە کاتێکدا ئایین تەرزی ژیانە، نەوەک ئامرازی چاوترساندن.

گرنگە ئایین بەو چەشنە بخرێتە پێش چاوی منداڵانی قوتابخانە، کە سەرچاوەی ئاسوودەیی و ئاسایش و دڵنیاییە، بەڵکو لە سایەی ئەم باوەڕەیەوە ئارامی بێت بە دڵیاندا و هەست بە باشی بکەن.

باوەڕ مایەی ئارامی و ئاسوودەیی دەروونە، ئامرازی لەقاڵبدانی هەڵسوکەوت و ڕەفتار نییە.

51

منداڵ لە ڕێی دیکۆرەوە فێری ڕێکخستن دەبێت

بابەتی ڕێکدانان و ڕێکخستن، یەکێکە لەو بابەتانەی کە بەردەوام جێی ناکۆکی و مشتومڕی نێوان دایک و باوک و منداڵانە.

منداڵ حەزی لە بێنەوبردەی ڕێکدانان و ڕێکخستن نییە، لەبەر ئەوە بەلایەوە سەیرە کە پێی دەوترێت ژوورەکەت کۆ بکەرەوە.

منداڵی قوتابخانە زیاتر حەزیان بە کاری وردە، تاوەکو ڕێکدانان و ڕێکخستن.

بەگەڕخستنی ئەم حەزەش بەوە دەبێت، کاروباری ژوورەکەی بدەیتە دەست خۆی و ڕێی بدەی خۆی دیکۆرەکەی ڕێک بخات.

دانانی لامپێک لەسەر مێزەکەی. هەڵواسینی تابلۆیەک لەپەنا سەریەوە...

کاریگەریی ئەوەی بە منداڵێکی (٧) ساڵانە بڵێی: "بە حەزی خۆت دیزاینی ژوورەکەت بکە." زۆر لەوە زیاترە پێی بڵێی: "ئا ڕۆڵە دەستێک بێنە بەو ژوورەتدا!"

52

منداڵان بە خەمساردیی گەورەکان بێزار دەبن

هەندێک جار گەورەساڵان لەلای منداڵدا، تا ڕادەیەک خەمساردانە ڕەفتار دەکەن.

بۆ نموونە؛ لە کاتی دانیشتندا بە دڵی خۆیان قاچیان بڵاو دەکەنەوە، هەر قسەیەک بە خەیاڵیاندا بێت، دەیکەن و بە دەنگی بەرز قاقا لێ دەدەن.

ئەم جۆرە لە خەمساردی لە ڕەفتاری گەورەکاندا، دەبێتە مایەی خۆبەکەمزانی و بێزاری لای منداڵ.

کاتێک ئەندامانی خێزان پێکەوە لەسەر خوانی ئێوارەن، منداڵ هەست بە تەریقی دەکات کە دەبینێت باوکی مڵچەی دەمی دێت، یان دایکی پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە لە دانیشتنیدا.

"ماڵی خۆم نییە؟ چۆنم بوێت ئاوەها دەکەم!" پێچەوانەی بنەمای پێکەوەژیانە.

پێویستە منداڵ مامەڵەی جوان لە باوانی ببینێت. خۆی چۆن ڕێز لە مافی میوان و کەسانی نەناسراو دەگرێت، دەبێت هەست بکات کە خۆیشی بەو جۆرە ڕێزی لێ دەگیرێت.

53

هەر کەسێک لەلای منداڵ کەسێتیی نەمێنێت، کاریگەریشی نامێنێت

بەها و کاریگەریی هەر وتەیەک، لەسەر پێگە و کەسایەتی خاوەنەکەی وەستاوە.

هەر دایکێک/باوکێک هەستی کرد منداڵەکەی بەقسەی ناکات، یەکەم شت پێی هەستێت ئەوەیە، لە چۆنایەتی پەیوەندیی نێوان خۆی و منداڵەکەی بکۆڵێتەوە.

منداڵ گوێڕایەڵی دایک و باوکێک دەکات کە:

متمانەی پێیان بێت.

دادگەری ببینێت لە مامەڵەیاندا.

بووبێتنە پەناگەی ئارامی و ئاسایش بۆی.

ئەوانەش کە توندوتیژی دەنوێنن و دادپەروەر نین لە مامەڵەیاندا و متمانەی ڕۆڵەکانیان بەدەست نەهێناوە، لە چاوی منداڵەکانیاندا پێگەی شایستەی خۆیان وەکو دایک و باوک لەدەست داوە.

هەر دایکێک یان باوکێک کەسێتی و پێگەی لە چاوی منداڵەکەیدا بلەرزێت، کاریگەریشی نامێنێت.

54

”که له تەمەنی تۆدا بووم...“

نموونەی شێوازێکی نادروستی ئاخاوتنە لەگەڵ منداڵ

زۆرێک لە دایکان و باوکان بە نیازی ئەوەی نموونەیەکی جوان نیشانی منداڵەکەیان بدەن، بە چەشنێک ئەزموونی منداڵیی خۆیان دەخەنە ڕوو، وەک ئەوەی هیچ کەموکورتییەکیان نەبووبێت. تومەز لەو ڕێیەوە دەیانەوێت چییان لە منداڵەکەیاندا بەدڵ نییە، بیدەنە بەر ڕەخنە.

گوایە بەم شێوازە توانایان دەجووڵێنن و ورەیان دەدەنە بەر.

لە ڕاستیدا ئەمە شێوازێکی پەروەردەیی نییە.

ئەو دایکەی/باوکەی سەرگوزشتەی (کامڵ و بێخەوش)ی خۆی کردووەتە ئامرازی هاندان، ڕەنگە نەزانێت خودی خۆی کردووەتە ئامرازێک بۆ بچووککردنەوەی منداڵەکەی.

بنەمایەکی گرنگی ئاخاوتن لەگەڵ منداڵ، بەئاسایی نیشاندانی ئەو دۆخەیە کە منداڵەکەی تێدایە. لەبری ئەوەی بوترێت: "من کە لە تەمەنی تۆدا بووم..." باشتر وایە بوترێت: "منیش کە لە تەمەنی تۆدا بووم..."

"منیش کە لە تەمەنی تۆدا بووم، کتێب خوێندنەوەم بەلاوە قورس بوو."

"منیش لەو تەمەنەدا چەند سفرێکم تێدا بوو."

"منیش کە لە تەمەنی تۆدا بووم، شەوان دەترسام."

ئەمانە شێوازی دروستی ئاخاوتن لەگەڵ منداڵ.

55

مندالّ کە هەڵەی کرد، پێویستی بەوەیە ڕەفتارە دروستەکەی فێر بکرێت، نەوەک تەریق بکرێتەوە

بەشێک لە گەورەساڵان پێیان وایە ئەگەر منداڵەکەیان هەڵەیەکی کرد و ئەمان تەریقیان کردەوە لەسەری، ئیتر بەو شێوەیە فێری ڕەفتارە دروستەکە دەبێت.

تانەوتەشەر شێوازی فێرکاری نین، تاوەکو کاریگەریی ئەرێنییان لەسەر منداڵ هەبێت.

منداڵ بەوە فێری سەلیقە دەبێت کە ئاشنای ڕەفتارە دروستەکان بێت، نەوەک بەوەی لەسەر هەڵەکانی ڕووشکێن بکرێت و توانجی لێ بدرێت.

تەریقکردنەوە یەکێکە لەو هەڵە باوانەی، کە گەورەساڵان لە مامەڵەیان لەگەڵ منداڵدا تێی دەکەون.

بۆ نموونە؛ لەبری ئەوەی بوترێت: "بەملّچەملّچ نان مەخۆ!" باشتر وایە بوترێت: "ئەگەر پارووەکەی ناو دەممان بەم شێوەیە (بەکردەنی نیشانی دەدرێت) بجوین، ئاسانتر هەرس دەبێت." ئەم شێوازە هەم منداڵەکە ڕووشکێن ناکات، هەم یارمەتیشی دەدات فێری ڕەفتارە دروستەکە ببێت.

56

زیادبوونی شتومەکی منداڵ
بە شێوەیەکی هەڕەمەکی،
کاریگەریی نەرێنیی هەیە
لەسەر پەیوەندیی نێوان
منداڵ و باوان

بۆچوونێکی باو هەیە دەڵێت، گوایە منداڵ چەندە شتومەکی زیاتر بێت، گەشەی ئەوەندە باشتر دەبێت، بەڵام هیچ توێژینەوەیەکی زانستی ئەم بۆچوونە پشتڕاست ناکاتەوە.

بگرە بەپێچەوانەوە، لەگەڵ زیادبوونی کەلوپەل و شتومەکدا، (سەرنجپەرتی)یش زیاد دەکات.

زیاد لەوە، لە منداڵانی قوتابخانەدا تا کەلوپەل زیاتر بێت، پەیوەندیی سۆزداریی نێوان باوان-منداڵ لاوازتر دەبێت.

لەبەر ئەوە باشبوونی باری دارایی خێزان، نابێت هۆکار بێت بۆ زیادبوونی شتومەکی منداڵ.

چونکە گەشەی سۆزداریی منداڵ لەسەر زۆریی ژمارەی یاری و کەلوپەلەکانی نەوەستاوە، لەسەر ئەوە وەستاوە تا چ ڕادەیەک پێویستییەکانی پڕ دەکرێتەوە.

57

منداڵ له سەرگوزەشتەی منداڵیی باوانیدا، خۆی دەبینێتەوە

یەکێک لەو شتانەی کە منداڵی قوتابخانە ئامەزرۆی زانینیەتی، چیرۆک و سەرگوزەشتەی منداڵیی دایک و باوکیەتی.

بیستنی ئەو بەسەرهاتانە، پێیەکانیان لە زەوی دەبڕێت و دەیانخاتە کەشێکی بێهاوتاوە، جگە لەوەی ڕۆڵێکی مەزنیش دەگێڕێت لە دروستکردنی کەسایەتییاندا.

لەبەر ئەوە دەمەوێت جەخت بکەمەوە سەر ئەوەی، کە چەندە گرنگە دایک و باوکان زوو زوو بەسەرهات و یادەوەرییەکانی منداڵیی خۆیان -بە کەمێک تامو چێژەوە- بۆ جگەرگۆشەکانیان بگێڕنەوە، چونکە ئەمە پەیوەندییەکەی نێوانیان بەهێزتر دەکات، هەروەک چۆن دنیایەک وانەشی تێدایە منداڵ لێیانەوە فێر بێت.

زۆرێک لە باوان لەبری گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی منداڵیی خۆیان، دەچن کۆمەڵە کتێبێکی چیرۆک بەوشکوبرنگی دەخەنە بەر دەست منداڵەکانیان.

ئەمە لە کاتێکدا ئەو چیرۆکەی کە پێویستە هەموو منداڵێک گوێبیستی بێت، چیرۆکی منداڵیی دایک و باوکیەتی.

58

خۆشترین قسە کە منداڵ
لە باوانیەوە بیبیستێت،
ئەم قسەیەیە:
**"با تۆ منیشت خۆش
نەوێت، من هەر تۆم
خۆش دەوێت"**

گرنگترین توخمی گەشەی کەسێتی، بریتییە لە بێمەرجی.
بێمەرجی واتە تەنیا لەبەر ئەوە منداڵەکەتت خۆش بوێت، کە (ئەو)ە و تەواو.

نەک لەبەر ئەوەی نانەکەی خواردووە، یان ژوورەکەی کۆکردووەتەوە.

نەک لەبەر ئەوەی بەقسەی کردووی، یان نمرەی بەرزی هێناوە.

ئەو منداڵەی بە کۆکردنەوەی ژوورەکەی خۆشەویستیی بۆ دەردەبڕدرێت، وا بیر دەکاتەوە ئەگەر ژوورەکەی کۆ نەکاتەوە، خۆشیان ناوێت.

ئەو منداڵەی تەنیا لە کاتی نمرەی بەرزدا هەست دەکات دڵیان پێی خۆشە و خۆشەویستە، تا بێت لە ڕووی سۆزدارییەوە لە دایک و باوکی دوور دەکەوێتەوە، چونکە پێی وایە دوو بوونەوەری بەرژەوەندیخوازن.

ئەو منداڵانەی لەسەر مەرجداری ڕاهێنراون، تووشی چەندین ناڕەحەتی دەبن لە بەرەوپێشبردنی خۆیاندا. جا پێم ناڵێن ئەنجامدانی چەند ڕەفتار و هەڵسوکەوتێک، لەچاو زیانەکانیدا، چ بەهایەکی بۆ دەمێنێتەوە!

لەبەر ئەوە دەڵێم شیرینترین قسە لە ژیانی هەر منداڵێکدا ئەوەیە، گوێیەکانی بەم وشانە بزرنگێنەوە: "کچی خۆم/کوڕی خۆم، نە لەبەر ئەوە و نە لەبەر ئەمە تۆم خۆش دەوێت، تەنیا لەبەر ئەوە خۆشم دەوێی کە تۆ، تۆیت."

59

ئەو منداڵەی (لە
کاتی خۆیدا) و (وەکو
پێویست) بەدەمیەوە
نەچوون، بە منداڵێکی
فەرامۆشکراو
دادەنرێت

کە باس لە منداڵی فەرامۆشکراو دەکرێت، منداڵانی سەرشەقاممان دێتە بەر چاو، هەڵبەتە هەر ئەوان نین کە فەرامۆش کراون.

ڕاستە، ڕێژەی ئەو منداڵانەی خراونەتە سەر شەقامەکان و پەراوێز خراون، ڕێژەیەکی ئێجگار بەرزە. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ڕێژەی ئەو منداڵانە زیاترە، کە لەناو خێزانی خۆیاندا فەرامۆش کراون.

ئەو منداڵەی دەستی ناگات بە دایکی و ناتوانێت سەرنجی ئەو بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ئەو منداڵەی دایکی نەماوە.

ئازاری ئەو منداڵەی باوکی یاریی لەگەڵ ناکات، هیچی کەمتر نییە لە ئازاری منداڵێکی فەرامۆشکراو.

ئەو منداڵەی لەتاو ترسی شەوان پەنا دەباتە بەر باوانی بۆ ئەوەی دڵی بدەنەوە، کاتێك پێی دەوترێت: "ئێمە لێرەین، هیچ شتێک نییە لێی بترسیت، دەی بچۆرەوە ژوورەکەی خۆت!" لە ناخی خۆیدا هەست بە بێکەسی دەکات.

ئەی ئەو منداڵەی کە لەپاش ماندوویێتیی ئەنجامدانی ئەرکی قوتابخانە دەیەوێت باوەشێک بکات بە دایکیدا، بەڵام دایکی پێی دەڵێت: "ئەرکەکانی قوتابخانەت تەواو بکە، ئینجا باوەشم پێدا بکە!" چۆن هەست بە ڕەتکرانەوە و بۆشایی سۆزداری نەکات!

هەر هەڵسوکەوتێک پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی منداڵی تێدا ڕەچاو نەکرێت، دەچێتە خانەی فەرامۆشکردنەوە و منداڵ دووچاری بۆشایی سۆزداری دەکات.

60

ئەو دایک و باوکانە قسەیان ڕۆڵی دەبێت، کە کاریگەرییان هەیە

خۆسەپاندن حاڵەتێکە، جیاوازە لەوەی کاریگەریت هەبێت.

خۆسەپاندن واتە چیت بوێت، بە زەبری هێز بە بەرامبەرەکەتی دەکەیت.

بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە تۆ کەسێکی خاوەن کاریگەریت.

کەسانی کاریگەر دەوروبەرەکەیان گوێیان بۆ دەگرێت و قسەکانیان بەهەند وەردەگرێت، بەبێ ئەوەی ئەمان هێزی بازوویان دەربخەن یان بەزۆر خۆیان بسەپێنن.

هاوسەنگی و مامەڵەی ئاوێتە لە ڕێز و خۆشەویستی، لەو هۆکارانەن کە کاریگەریی دەبەخشن بە کەسێتیی دایک و باوک.

61

هەموو دایک و باوکێک
منداڵی خۆی خۆش
دەوێت، بەڵام کەمێکیان
منداڵەکانیان دەبینن و
هەستیان پێ دەکەن

بەشێک لەو گەورەساڵانەی ئەزموونی منداڵییان بە دۆخێکی ناهەمواردا تێپەڕیوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر هەست بە ئازار نەکەنەوە، هەندێک تایبەتمەندییان لە خۆیاندا سڕ کردووە.

ئەو جۆرە کەسانە بێباکن لە هەستەکانیان، چونکە دەیانەوێت بەهێز بن لە ژیاندا.

کاتێک دەبن بە دایک و باوک، وەک هەر دایک و باوکێکی ئاسایی دیکە، ئەوانیش منداڵەکانیان خۆش دەوێت، گرفتەکە لەوەدایە ڕەنگە وەک پێویست هەستیان پێ نەکەن و نەتوانن لە دنیای ناخیان نزیک ببنەوە.

زۆرێک لەوانەی پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ هەستەکانیان پچڕاندووە و نایانەوێت گوێ لە ناخیان بگرن، دوور نییە بێبەش بن لە هەندێک بەهرەی دایکایەتی و باوکایەتیش.

چەندە دوور بین لە هەستکردن بە ڕۆڵەکانمان، ئەوەندەش پەیوەندیمان لەگەڵیان لاواز دەبێت.

62

توانای (هەستپێکردن)، لە گرنگترین ئەو توانایانەیە کە پێویستە لە منداڵەکانماندا بیپارێزین

...ی لە ...ەکانیدا بە هەستەکانیەوە دەژی.

بە ئەندازەی هەستکردنی، لە خۆشی و ناخۆشیدا دەژی.

ئەوەستانی هەستەکانیش واتە لەدەستدانی وزە و حەزی ژیان.

گرنگە [illegible] هەستە [illegible] (زۆرلێکردن، ڕووشکێنکردن، هاوار بەسەردا کردن، توندوتیژی)، هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ لەناوبردنی هەستەکانی.

ئەگەر دایکان و باوکان دەیانەوێت چاکەیەک لەگەڵ منداڵەکانیاندا بکەن، ئەوا با نەهێڵن توانای هەستکردنیان [illegible] بکەوێت، ئەمەش بەوە دەبێت تەریفیان بکەنەوە، سزایان نەدەن، ئەمە هۆکاری ئەوەی هەست بە خەمبارین خۆیان بکەن.

63

ئەو منداڵانەی لە
قوتابخانە تەمێ کراون،
کە دێنەماڵەوە، بزێو و
لاسار دەبن

یەکێک لە هەستە سەنگینەکانی ناخی مرۆڤ، بریتییە لە هەستی شەرم و حەیا.

ئەو منداڵانەی لەناو پۆلدا لەبەر چاوی هاوڕێکانیان سزا دەدرێن و تەریق دەکرێنەوە، لەتاو بارگرانیی ئەو هەستە ناخۆشانە، بەملاولادا ڕادەکەن و جووڵەی بێمانا دەنوێنن.

لە ڕاستیدا ئەمە جۆرێکە لە (خۆپارێزی)، کە منداڵان وەک میکانیزمێک بۆ هەستنەکردن بە ئازاری لەکەداربوونی شکۆیان، دەیگرنە بەر.

فێرکاری سەرکەوتوو لەبەرامبەر ڕەفتاری چەوتی قوتابییەکەیدا، ڕێگەی سزا و تەمێکردن ناگرێتە بەر، چونکە دەزانێت ئەم شێوازە جگە لە قووڵکردنەوەی گرفتەکە، هیچ بەرهەمێکی تری نییە. لەجیاتی ئەوە دەچێت ڕێگە دروستەکە هەڵدەبژێرێت، کە ئەویش نرخپێدان و بە گرنگزانینی قوتابییەکەیەتی.

بە سنگێکی فراوانەوە مامەڵە لەگەڵ هەڵە دەکات و پەیوەندییەکی مرۆڤانە بنیاد دەنێت.

کاریگەری دادەنێت لەسەر بەرامبەرەکەی، خۆی فەرز ناکات.

دەشزانێت ڕاستکردنەوەی هەڵسوکەوت و ڕەفتار پێویستی بە کاتە، بۆیە هێمنی و ئارامیی کردووەتە کاڵای باڵای خۆی.

64

ڕێنەدان بە منداڵ کە بگریەت، بەهێزی ناکات، بێگانەی دەکات بەرامبەر هەستەکانی

ڕووبەڕوو زۆرێک لە گەورەکان خۆشیان لە گریانی منداڵ ناڕەحەتن بۆ ئەوەی بێدەنگی بکەن، فشار بەکار دەهێنن.

گریان یەکێکە لە پێویستییەکانی مرۆڤ.

ڕێگرتن لە منداڵ بۆ ئەوەی ئەم پێویستییەی پڕ نەکاتەوە، بەهێزی ناکات، بەپێچەوانەوە، دەبێتە مایەی لاوازبوونی.

ئەو جۆرە منداڵانە یان ئەوەندە بڕیو دەردەچن کە گوێ بە هیچ سۆزێک نادەن، یان لە بێدەسەلاتیدا تەنانەت داوای مافی خۆیشیان ناکەن.

ئەو منداڵەی ڕێگەی پێ نادرێت بگریەت، دوا جار توانای گریانی نامێنێت. بە شێوەیەک کە تەنانەت لە گەورەییشدا ناتوانێت ئەم پێویستییەی پڕ بکاتەوە، چونکە گریان بە نیشانەی لاوازی دەبینێت و ئەو کەسانەشی پێ لاوازە کە دەگرین.

لێهاتوویی نییە نەتوانێت بگریەت، کەمتوانایە.

گریان نیشانەی لاوازی نییە، بەڵکو نیشانەیەکە بۆ زیندوویتی و کارایی هەستەکان.

مرۆڤ بە هێندەی توانای گریانی، دەتوانێت لە دەوروبەر و گەردوونی تێبگات.

65

ئەو منداڵانەی
لەسەر هەستەکانیان
لێپرسینەوەیان لەگەڵ
دەکرێت، سەرکز، لە
هەندێ باریشدا شەڕەنگێز
هەڵدەکەون

دایکان و باوکان حەز دەکەن بزانن، منداڵەکانیان لە قوتابخانە و لە کۆڵان خەریکی چین.

هەر ئەوەندەی لە قوتابخانە دەگەڕێنەوە، دەستبەجێ بە زنجیرەیەک پرسیار ڕووبەڕووی دەبنەوە: "ئەمڕۆ چیت کرد؟ چی ڕووی دا؟ لەگەڵ کێ یاریت کرد؟ لە فرۆشگەی قوتابخانە چیت کڕی؟" و... هتد. فێر بوون بەو جۆرە گرنگیپێدانی خۆیان دەربڕن.

لە ڕاستیدا ئەم جۆرە پرسیارانە کە شێوەی لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوەیان هەیە، پاش ماوەیەک وا لە منداڵەکە دەکات کاردانەوەی هەبێت و وەڵامی هیچ پرسیارێکیان نەداتەوە و هیچیان بۆ نەگێڕێتەوە.

کە تۆ لێی دەپرسیت: "ئەمڕۆ چیت کرد؟"، ئەو تاقەتی گێڕانەوەی نامێنێت.

ئەگەر دەتانەوێت بزانن منداڵەکەتان لەدەرەوە چیی کردووە و ڕۆژەکەی چۆن بەسەر بردووە، پێویستە یەکەم جار ئێوە خۆتان دەست بکەن بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ڕۆژەکەتان.

ئەو دایک و باوکانەی شتی خۆیان بۆ منداڵەکەیان دەگێڕنەوە، ڕێگەی بۆ خۆش دەکەن ئەویش شتی خۆی بۆ ئەوان بگێڕێتەوە.

66

ئەو دایک و باوکانەی دڵەڕاوکەیان هەیە، منداڵەکانیان ترسنۆک دەردەچن

دڵەڕاوکە تایبەتمەندییەکی هەیە، ئەویش ئەوەیە لە ڕووی دەروونییەوە دەگوازرێتەوە.

واتە، دڵەڕاوکەی دایك و باوك بەئاسانی دەگوازرێتەوە بۆ منداڵەکان.

منداڵیش کە نەیزانی چۆن زاڵ بێت بەسەر دڵەڕاوکەکانیدا، ئیتر بۆخۆی ترسنۆک دەردەچێت.

ئەو منداڵانەی بەردەوام هۆشیارییان دەدرێتێ لە ترسی ئەوەی نەبادا شتێکی خراپیان بەسەردا بێت، هەروەها ئەوانەی چاوترسێن دەکرێن بەوەی کە "لەم دنیایەدا کەس جێی متمانە نییە!"، ئەمانە ناتوانن بە جۆش و تامەزرۆییەوە بژین.

بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ئەو منداڵانەی سەرکز و ترسنۆکن، منداڵی دایک و باوکانێکی سەرکوتکەر یان پڕ لە دڵەڕاوکەن.

67

ئەو منداڵانەی هەستەکانیان لەژێر چاودێریدایە، گریان و پێکەنینیان بەدڵی خۆیان نییە

گریان و پێکەنین، لە هەرە پێداویستییە سۆزدارییەکانی مرۆڤن.

پڕبوونەوەی ئەم دوو پێداویستییەش، بەندە بەوەی تا چ ئاستێک بەسەربەستی ئەزموونیان دەکەیت.

مرۆڤ هەتاکو بگریەت، لە هەستەکانیدا قووڵتر دەبێتەوە، چەندێکیش بتوانێت لە دڵەوە پێبکەنێت، ئەوەندە دەروونی بەرین دەبێت.

ئەو منداڵەی کە لە ناخی دڵیەوە پێکەنینی دێت و دایک و باوکی دەهێڵن پێبکەنێت، یان کە دەیەوێت پڕبەدڵ بگریەت (جا بۆ هەرشتێک بێت، یا بەلای ئێمەشەوە بێمانا بێت)، ڕێی لێ ناگرن بگریەت، لە گەورەییدا دەزانێت کوێ جێی گریانە و کوێ جێی پێکەنینە.

ئەگەر کەسێکت بینی کە دەیتوانی لە ناخی دڵیەوە پێکەنین بکات و لە شوێنی خۆیشیدا پڕ بەدڵ بگریەت، ئەوا بزانە منداڵییەکی تەندروستی بەڕێ کردووە.

68

ئازایەتی لەوەدا نییە
داهاتوویان بۆ ئامادە
بکەین، ئازایەتی لەوەدایە
ئەوان بۆ داهاتوو ئامادە
بکەین

کێ گومانی هەیە لەو ڕەنج و شەونخونییەی، کە دایک و باوکان لەپێناو کامەرانیی ڕۆڵەکانیاندا دەیکێشن!

هەموو قوربانییەک دەدەن بۆ ئەوەی داهاتوویەکی شکۆمەندیان بۆ ئامادە بکەن، لەبەر ئەوان خۆیان لە زۆرێک لە پێویستی و خۆشییەکانی ژیان بێبەش دەکەن.

کەچی لە ڕاستیدا منداڵ کاتێک لە ژیاندا سەرکەوتوو دەبێت، کە لە ئامێزی دایک و باوکێکی لێزاندا ئامادە بکرێت بۆ داهاتوو، نەوەک ئەوەی داهاتووی بەئامادەکراوی بخرێتە بەر دەست.

بەنرخترین میراتی ئێمە بۆ منداڵەکانمان ئەوەیە، فێری کارامەیی (دروست خوێندنەوەی ژیان)یان بکەین.

69

جوانترین خەسڵەتی پەروەرشیار ئەوەیە، لێبوبەخەندە بێت بەرامبەر قوتابییەکانی

ڕەنگە وا بزانین زەردەخەنە ڕەفتارێکی زۆر سادە و ساکارە. کەچی خۆی لە ڕاستیدا یەکێکە لە بەرزترین و جوانترین هەستە مرۆییەکان.

زەردەخەنە، تایبەتمەندیی ئەو کەسانەیە کە توانای ڕاگیبوونیان هەیە بەسەر خۆیاندا، هێمای بەرەنگاربوونەوەیە بەرامبەر سەختییەکانی ژیان.

ئەگەر مامۆستایەک سەرباری هەڵسوکەوتی منداڵانەی قوتابییەکانی، هێشتا توانیی بزەی سەر لێوی بپارێزێت، بزانە ئەوە مامۆستایەکە کە توانای بەڕێوەبردنی هەستەکانی هەیە.

لەبەرامبەردا، ئەو مامۆستایەی کۆنترۆڵی هەستەکانی لەدەست خۆیدا نییە، کەسێکی پڕدڵەڕاوکە و تووڕەیە، بەڵام چووە ناوی لێ ناوە (یاسا و ڕێسای ناوپۆل).

قۆناغی منداڵی، تەمەنی پلیشانەوە نییە لەژێر باری یاسا و ڕێسادا، تەمەنێکە پێویستە لەگەڵ گەورەساڵێکی لێوبەخەندەدا بە دڵخۆشی و ئاسوودەیی بەسەری ببات.

70

شەکەتیی سۆزداری، هۆکارێکە ناهێڵێت منداڵ هەست بە بوونی خۆی بکات

یاسایەکی بنەڕەتییە کە منداڵ چەندە پڕ بێت لە وزەی ژیان و دڵخۆش بێت، ئەوەندە هەست بە بوونی خۆی دەکات، هەستەکانی دەردەبڕێت. گوزارشت لە بیروبۆچوونەکانی دەکات و هاوڕێیەتی دروست دەکات.

بەپێچەوانەوە، چەندە بێهیوا بێت، ئەوەندە لە ژیان بێزار دەبێت.

بیرکردنەوە لەوەی کە ناتوانێت لە وانەکانیدا دەربچێت یان بەسەرکەوتوویی قوتابخانە تەواو بکات، دووچاری شەکەتیی سۆزداریی دەکات.

جوانترین دیاریی گەورەساڵێک بۆ منداڵ ئەوەیە، ببێتە مایەی ئومێد و سەرچاوەی هیوا بۆی.

71

منداڵان هەر وا ئاسان تووشی شەکەتیی سۆزداری نابن، بەڵام کە تووشبوون، بە زەحمەت لێی دێنە دەرەوە

دیارترین سیمای منداڵی، ئەو حەز و وزە زۆرەیە کە منداڵان هەیانە بۆ ژیان.

هەر ئەم حەزەشە وا دەکات، هەست بە بوونی خۆیان بکەن.

ئەوان توانای ئەوەیان هەیە (دوێنێ)کەیان بخەنە لاوە و بیر لە ناخۆشی و گوشارەکانی نەکەنەوە، لە هەمان کاتدا چێژ لە تاسە و خۆشیی (سبەینێ)کەشیان وەربگرن، سەرباری هەموو شتێک.

لەبەر ئەوە منداڵان بەراورد بە گەورەساڵان، درەنگتر بێتاقەتی ڕوویان تێ دەکات و بێهیوایی لە ژیان بەرۆکیان دەگرێت.

گرفتەکە لەوێوە دەست پێ دەکات کە منداڵ بکەوێتە ناو ئەم حاڵەتەوە، چونکە سەرلەنوێ بەدەستهێنانەوەی وزە و چێژی ژیان بۆ منداڵ، کارێکی هەر وا ئاسان نییە.

هۆکاری ئەوەی منداڵ لە ناخیدا تووشی تێکشکاوی بێت و هەست بە شەکەتیی سۆزداری بکات، بێهیواییە، ئەوەیە کە هەنگاو دوای هەنگاو بۆی دەربکەوێت ئەو شتانەی کە ئەو ئومێدی دەکردن، نایەنە دی.

کەواتە ئەوەی دەکەوێتە سەرشانی گەورەساڵان، ئەوەیە کارێک نەکەن منداڵەکانیان تووشی نائومێدی ببن و ترووسکایی هیوایان خامۆش بێت.

72

توندوتیژیی سۆزداری هۆکارێکە بۆ بێهیوایی

"

کە باس لـە توندوتیژی دەکرێت، گەورەساڵان ڕاستەوخۆ خەیاڵیان دەچێت بەلای توندوتیژیی جەستەییدا.

کەچی خۆی لـە بنەڕەتـدا، لەنـاو جۆرەکانـی توندوتیژیدا، قورسترینیان (توندوتیژیی سۆزداری)یە".

لە ڕاستیدا ئەوە ئازاری لێدان نییە کە منداڵ دەخاتە گریان، بەڵکو ئازاری دەروونیی ئەو سووکایەتی و شکاندنەوەیە کە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژییەکەدا هەستی پێ دەکات.

"

73

کوڕان لە ڕێی بەکارهێنانی جزدان و کچانیش لە ڕێی بەکارهێنانی جانتاوە فێری ڕێکخستن دەبن

زۆرێـک لـەو منداڵـە کوڕانـەی لـە قۆناغـە جیاوازەکانی خوێندنـدان، حەزیـان لـە هەڵگرتنـی جـزدان و لەچاوکردنـی چاویلکەیـە.

کچانیـش حەزیـان لێیـە هاوشێوەی دایکیـان، جانتایـان بە دەستەوە بێت.

ئـەم قۆناغـە دەرفەتێکـی زێڕینـە بۆ ئـەو دایـک و باوکانەی خوازیـارن منداڵەکانیان فێری خووی ڕێککاری و ڕێکخستن بکەن.

لەبـەر ئـەوە کاتێـك کیژێـک داوای جانتـا دەکات، یـان کوڕێـک دەڵێـت حـەزم لێیە جـزدان بـەکار بهێنم، باشـتر وایە وەڵامـی داواکەیـان بدەینـەوە.

دەکرێـت کچـان فێـر بکرێن کلێنکـس و بـۆن و یارییەکیش کـە خـۆی حـەزی لێیەتی، لـە جانتاکانیانـدا دابنێن.

دەکرێـت کوڕانیـش پێشـنیاری ئەوەیـان بۆ بکرێـت، چەند کارتێـک و بڕێـک پارەی کاغـەز بخەنـە نـاو جزدانەکانیانەوە.

کاتێـك منـداڵ کەلوپەلـی گـەورەکان بـەکار دەهێنێت، هەسـتێکی خۆشـی لەلا دروسـت دەبێـت، ئەمە جگـە لەوەی هەنگاوێکـی گرنگیـش دەنێت بـەرەو ڕێککاری و ڕێکخستن لـە ژیانیدا.

74

تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن منداڵ بزێو دەکات

بەکارهێنانی تەلەفزیۆن بە شێوەیەکی دروست، لەوانەیە کۆمەڵە قازانجێکی هەبێت بۆ ئەو منداڵانەی لە قوتابخانەن.

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک بە شێوەیەکی بێبەرنامە بەکار دێت، منداڵ تووشی کۆمەڵێک گرفت دەکاتەوە، لەوانە: پشێویی کۆنترۆڵکردنی هەڵچوونەکان، پشێویی پڕجووڵەیی، تێکچوونی مەزاج.

شەپۆلە دەنگی و ڕەنگییە چڕەکان، هاوکات لەگەڵ ئەفێکتە (کاریگەرییە) بینراوەکان، هەموو ئەوانە هەڵچوونە کۆنترۆڵنەکراوەکانی دەروونی منداڵ دەوروووژێنن. بۆ منداڵێک کە لەژێر کاریگەریی ئەو شەپۆلانەدایە، ئەستەمە بتوانێت هەڵچوونەکانی پێی کۆنترۆڵ بکرێت.

ئەو یەختیرکارانەی لە ڕەفتاری پڕجووڵەی منداڵەکانیان بێزارن، دەبێت سەرەتا چاوێک بخشێننەوە بە شێوازی بەکارهێنانی تەلەفزیۆن لە ماڵەکانیاندا.

75

(لێرەدا-لە ئێستادا)

مەرجی پەیوەندیبەستنی بەرهەمدارە

بەشێک لە دایک و باوکان پێیان وایە، بەسەربردنی (کاتی بەرهەمدار) لەگەڵ منداڵ، بەوە دەبێت لەگەڵ خۆیاندا بیبەن بۆ شانۆ و تەماشاکردنی چالاکیی وەرزشی و ئەو بابەتانە.

بەشێکی دیکەش پێیان وایە، ئەو کاتەی کە باوان ئامۆژگاریی منداڵەکەیانی تێدا دەکەن، خودی ئەو کاتە بەرهەمدارەیە کە ئێمە باسی دەکەین.

بەدەر لە هەموو ئەوانەی وتران، پەیوەندیی جۆری، ناونیشانی ئەو پەیوەندییەیە کە لە (ئێستادا) و لە ساتەوەختەکەی خۆیدا بەڕێوە دەچێت.

تایبەتمەندیی ئەم جۆرە پەیوەندییە، لە بێدەنگکردنی مێشک (بەوەی ڕێگە نەدەی خەریکی بەسەرهاتەکانی ڕابردوو و ڕێکخستنی کاروبارەکانی داهاتوو بێت) و بەڕێوەبردنی هەستەکاندایە.

بەرهەمەکەشی بریتییە لە، یەکانگیربوونی ڕۆحی لەگەڵ منداڵەکەی بەرامبەرتدا.

پەیوەندیی جۆری کە بە واتای بەسەربردنی کاتی بەرهەمدار دێت، کاتێک دروست دەبێت کە تۆ بتوانیت بەبێ هیچ هۆکار و ئامرازێک (بۆ نموونە؛ یاری) ئەو بدوێنیت.

پەیوەندیی جۆری، واتە جێهێشتنی دنیای جەنجاڵی گەورەکان و پێنانە ناو دنیا بێگەردەکەی ئەوانەوە.

76

خوانی ئێواران بۆیە گرنگە، چونکە هەموو ئەندامانی خێزان پێکەوە کۆ دەکاتەوە

یەکێک لە گەورەترین پێداویستییەکانی منداڵی فوناخانە، دیتنی پێکەوەیی ئەندامانی خێزانەکەیەتی.

دیتنی ئەو دیمەنە، لە ڕووی سۆزدارییەوە گرنگیی دەبەخشێت بە ناخی.

دایک و باوکی بەئاگا، سوود لە هەموو هەلێک وەردەگرن بۆ کۆکردنەوەی ئەندامانی خێزانەکەیان.

وەک دەزانن، باشترین هەلیش خوانی ئێوارانە.

ئەگەر تاکو ئێستا وامان زانیوە مەبەست لە کۆبوونەوەی سەر خوانی ئێواران، پڕبوونی گەدەیە و هیچی تر، ئەوا بزانن دنیایەک جوانیمان لەکیس خۆمان داوە.

چونکە خوانی ئێواران:

وادەی گفتوگۆی خێزانییە.

وادەی خاڵیبونەوەیە لە گوشار و ناڕەحەتییەکانی ڕۆژ.

وادەی بەشکردنی خۆشی و بەسەرهاتەکانە.

جگە لەوەی کە باشترین کاتە بۆ منداڵ، تاوەکو بەئاسانی گوزارشت بکات لە خۆی.

77

کارامەیی ئاخاوتن و دروستکردنی پەیوەندی، گرنگترین شتە دایک و باوکی منداڵانی قوتابخانە فێری بن

بەداخەوە، دڵەڕاوکەی هەرە گەورەی زۆربەی زۆری ئەو دایک و باوکانەی منداڵەکانیان لە قوتابخانەن، ئەوەیە منداڵەکەیان لە قوتابخانەدا سەرکەوتوو نەبێت.

پەرۆشیی ئەوەن منداڵەکەیان لە هاوپۆلەکانی دوا نەکەوێت، نمرەی بەرز بەدەست بێنێت، لە قسەی مامۆستاکانی دەرنەچێت، هەموو ئەرکەکانی ماڵەوەی جێبەجێ بکات و بەجوانی وانەکانی بخوێنێت.

کەچی کاتێک ورد دەبینەوە، دەبینین هیچ کام لەوانە ناچنە خانەی ئەو پێداویستییانەوە، کە پێویستە دایک و باوک بۆ منداڵەکانی دابینیان بکات.

منداڵ ئەم داواکارییانەی هەیە لە باوانی:

کاتێك لەگەڵی دەدوێن، بە دڵ و بە گیان بیدوێنن.

کاتێك شتێکیان بۆ دەگێڕێتەوە، گوێی بۆ بگرن و ڕێی بدەن گوزارشت لە خۆی بکات.

هەستەکانی پشتڕاست بکەنەوە و ئەو باوەڕەی لەلا دروست بکەن کە: "بەڵێ، ئەوان بەباشی لە من تێدەگەن."

ئەو دایک و باوکانەی هەموو سەرنجی خۆیان لەسەر مەسەلەی خوێندن چڕ کردووەتەوە، لە زۆر حاڵەتدا منداڵەکانیان لە ڕووی خوێندنەوە سەرکەوتوون، بەڵام ئایا دەتوانین هەمان شت بۆ پەیوەندیی نێوانیشیان بڵێین؟ ئەمەیان دڵنیا نیم!

78

لێپرسینەوە و تەنگ پێهەڵچنین، پێچەوانەی بنەماکانی ئاخاوتن و پەیوەندیی دروستکردنی سەرکەوتووە

هەموو دایک و باوکێک مافی خۆیەتی، بزانێت منداڵەکەی چۆن و لەگەڵ کێ ڕۆژەکەی بەسەر بردووە..

بەڵام لێپرسینەوەی بەردەوام و تەنگ پێهەڵچنی هاوشێوەی: "ئەمڕۆ چیت کرد؟ چووی بۆ کوێ؟ لەگەڵ کێ چووی؟" پێچەوانەی بنەماکانی ئاخاوتنی بەرهەمدارە.

ئەگەر ئەوان دەست بکەن بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ئەو ڕۆژەیان؛ چییان کردووە و لە فلانە هەڵوێستدا هەستیان بە چی کردووە... و هتد، ئیتر ئەویش فێر دەبێت بێ دوودڵی شتەکانی خۆی بەش بکات.

لە سایەی ئەم جۆرە پەیوەندییەدا، منداڵ هەست بە ئاسایش و دڵنیایی دەکات.

79

لەبری ئەوەی باسی
چۆنێتیی ئەنجامدانی
کارەکەی بۆ بکەین،
باشتر وایە چییەتی
کارەکەی بۆ ڕوون
بکەینەوە

سیستمی هاوچەرخی پەروەردە و فێرکاری، زیاد لە ئەنجام، زیاتر گرنگی بەو ئەزموونانە دەدات کە قوتابی (بە درێژایی) پرۆسەی فێربوون بەدەستیان دەهێنێت.

لەبەرامبەردا، سیستمی کلاسیکی هەموو سەرنجێکی لەسەر ئەنجامە.

فێربوونی ڕاستەقینە لەوەدا نییە قوتابی فێر بکەیت (چۆن) شتەکان ئەنجام بدات، بەڵکو لەوەدایە (چییەتی)ی شتەکانی بۆ ڕوون بکەیتەوە؛ شتەکە خۆی چییە و بۆچی وایە.

لە یەکەمیاندا سەرکەوتنەکە هی فێرکارەکەیە، لە دووەمیاندا هی فێرخوازەکەیە.

بەڵێ، سەرکەوتنی ڕاستەقینە لەوەدایە شتەکەی بۆ ڕوون بکەیتەوە، پاشان بواری بدەیت لە ڕێی بەگەڕخستنی تواناکانی خۆیەوە و لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی ڕێگە جیاوازەکانەوە، خۆی بە ئەنجامەکە بگات.

ڕەنگە ئەم شێوازە فێرکارییە ماوەیەکی زیاتری پێ بچێت، ئەوەندە هەیە هەر هەنگاوێک، هەر تاقیکردنەوەیەک کە منداڵەکە بە درێژایی ئەو ماوەیە ئەنجامی دەدات، بە بەشێکی ڕاستەقینەی پرۆسەی فێربوونەکە دادەنرێت.

80

منداڵانی قۆناغی سەرەتایی، باشتر وایە ڕۆژانە خەرجییان بدرێتێ، نەوەک هەفتانە

”

ئەو منداڵەی خەرجیی هەفتانەی دەدرێتێ، پارەکەی بەشی چی بکات، ئەو حەز دەکات بیکڕێت. واتە؛ بە ڕۆژێک هەمووی تەواو دەکات، ئەمە حاڵەتێکی ئاساییە.

چونکە منداڵان لەدوای تەمەنی (١٢) ساڵییەوە، ئینجا دەبنە خاوەنی ئەو ئیرادەیەی کە وردە وردە بتوانن کۆنترۆڵی هەست و حەز و ڕەفتارەکانیان بکەن.

لەدوای ئەم تەمەنەوە، ڕەنگە ئیتر بتوانێت خەرجیی هەفتانە و کاروباری گیرفانی خۆی ڕێک بخات.

لەبەر ئەم هۆیە، باشتر وایە ڕۆژانە خەرجی بدرێت بە منداڵی سەرەتایی، هاوکات پێشوەختە بۆی ڕوون بکرێتەوە کە بۆی هەیە چی بکڕێت.

ئەوەش گرنگە خەرجییەکە بەشی ئەو پێویستییە بکات کە دەیەوێت بیکڕێت؛ نە کەمتر و نە زیاتر. بۆ نموونە؛ دەکرێت پێی بوترێت: "دەتوانیت لەفەیەک و شەربەتێک بکڕیت" پاشان بەگوێرەی ئەوە خەرجییەکەی دەدرێتێ.

“

81

شەڕی نێوان
خوشک و برا مایەی
بەهێزبوونیانە، بە
مەرجێک ڕقوکینەی
ئاوێتە نەبێت

شەڕی نێوان خوشک و برا، یەکێکە لەو بابەتانەی کە زۆر جار باوان گیر دەخۆن بەدەستیەوە.

بەڵام ئەگەر لە گۆشەیەکی جیاوازەوە سەیری بابەتەکە بکەین، ئەوکات دەبینین کە شەڕ و هەرای نێوان خوشک و برا زۆربەی جار لێهاتوویی و شارەزاییان پێ دەبەخشێت، نەوەک زیان و مەترسی.

بۆ نموونە؛ ئەو کاتەی یەکێکیان دەست دەبات بۆ قژی ئەوی تریان و ڕایدەکێشێت، ئەویش دەستەپاچە ناوەستێت و پاڵی پێوە دەنێت. یان دەبینی یەکێکیان ورکی گرتووە و پێداگری دەکات تەنیا خۆی یاری بکات، کەچی ئەوەندە نابات لەناو خۆیاندا ڕێک دەکەون و گرفتەکە چارەسەر دەکەن.

ئەمانە نموونەی ئەو توانا کۆمەڵایەتییانەن، کە منداڵان لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانی نێوانیانەوە فێری دەبن.

بێگومان ئەمە ئەو ناکۆکی و گرژییانە ناگرێتەوە کە ڕقوکینەی تێکەڵ بووە، چونکە ئەوەیان دۆخێکی گرفتاوییە.

شەڕ و گرژییەک ڕقوکینەی تێدا بێت، نیشانەیە بۆ بوونی گرفتی سۆزداری، چونکە ئێمە دەزانین ئەگەر منداڵ لە شوێنێکدا زیانی پێ بگات، هەوڵ دەدات بە شێوەیەک لە شێوەکان قەرەبووی ئەو زیانە بکاتەوە و داخی دڵی خۆی بەرەو شوێنێکی دیکە ئاڕاستە بکات.

با وا دابنێین، منداڵێک لەلایەن باوکیەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە. لەم بارەدا قوربانییەکە بە ئەندازەی ئەو توورەییەی بەرامبەر باوکی هەڵیگرتووە، یان بە ڕێژەی ئەو ئازار و زیانەی بەری کەوتووە، بە نەفرەت و قینەوە هێرش دەکاتە سەر خوشک و براکانی.

کەواتە لەم بارەدا باشترین شت ئەوەیە، باوان هەوڵ بدەن ئەو هۆکارە بدۆزنەوە کە ڕقەکەی بەرهەم هێناوە، کە ئەویش لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا پێداویستییەکی سۆزداریی فەرامۆشکراوە.

لەوانەیە ئەمە شێوازە ئاسانەکە نەبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە شێوازە دروستەکەیە.

82

کەسێتیی مرۆڤ کاتێک
سروشتی دەبێت، کە
خۆی چۆنە لە ڕاستیدا،
بتوانێت هەر بەو
شێوەیەش دەربکەوێت

ئەگەر بێتو گەشە لەسەر ڕەوتە ئاساییەکەی خۆی بەردەوام بێت، کەسێتیی منداڵ دۆخە سروشتییەکەی خۆی دەپارێزێت و ناوەوە و دەرەوەی وەک یەک دەبێت.

خۆی چۆنە لە ڕاستیدا، هەر بەو جۆرە دەبێت، پێویستی بەوە نابێت نمایش بکات و دەمامک بپۆشێت.

سروشتییە و زۆرلەخۆکردنی پێوە دیار نییە.

توندوتیژی و گوشاری سەر منداڵی قوتابخانە، دەبێتە هۆی ئەوەی دەستبەرداری ناخی خۆی ببێت و دەوروبەر چۆنیان پێ خۆشە، ئەو بەو جۆرە خۆی نیشان بدات. هەر هەنگاوێکیش بەرەو ئەو ئاڕاستەیە، دوورکەوتنەوەیە لە سروشتیبوون و خۆڕسکبوون.

ئەم حاڵەتە، بە یەکێک لە بەربەستە گەورەکانی بەردەم دروستبوونی کەسێتی دادەنرێت.

منداڵ کاتێک دەبێتە خاوەنی کەسێتی، کە ڕەفتار و بڕیارەکانی هەڵقوڵاوی ناخی خۆی بن.

لەبەر ئەوە نە سزا نە پاداشت، نە زۆرلێکردن نە ڕەخنەلێگرتن، هیچیان ڕۆڵی بنیادنەر ناگێڕن لە دروستکردنی کەسێتیی منداڵدا.

ناسینەوەی پێداویستییەکانی گەشە و کارامەیی دروستکردنی پەیوەندی، لەو کەرەستە پەروەردەییە گرنگانەن کە پێویستە باوان ئاشنای بن، تاوەکو بتوانن یارمەتیی منداڵەکانیان بدەن لە نەخشاندنی کەسێتییاندا.

83

سەرپشککردنی
منداڵ لە بڕیارەکانیدا،
کەسێتییەکەی بەهێز
دەکات

دیارترین خاڵی جیاکەرەوەی کەسێتی ئەوەیە، کە دۆخێکی تایبەتمەندە.

مرۆڤێک خاوەنی کەسێتییە کە لە خۆی بچێت، نەوەک ئەوەی هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە لێکچووی کەسانی تر بێت.

هەر لە تەرزی پۆشینەوە بیگرە، تا دەگاتە شێوازی ئاخاوتن و پێکەنین.

ئەم تایبەتمەندێتییە، لەدوای تەمەنی (٧) ساڵییەوە زیاتر بەدیار دەکەوێت.

ئارەزووی کچان بۆ تاقیکردنەوەی جلی جیاواز و پۆشینی مۆدێلی جۆراوجۆر، هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی تەرزی تایبەت بە خۆیان.

کوڕانیش کە هەندێك جۆری خواردنیان بەدڵ نییە، هی ئەوەیە دەیانەوێت زەوق و سەلیقەی خواردنی تایبەت بە خۆیان هەڵبژێرن.

چەند خۆشە دایک و باوک پەسنی (کەللەڕەقی) و (نازونووز) نەدەنە پاڵ ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە، هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو بە تێگەیشتنێکی وردتر مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و پێیان وا بێت کە ئەوە هەوڵی کچەکەیان/کوڕەکەیانە بۆ (بەرەوپێشبردنی کەسێتیی تایبەت بە خۆی).

84

کەسێتیی مامۆستا، زەمینەی دروستبوونی کەسێتیی قوتابییەکانیەتی

کاتێک دەتوانین قسە لەسەر کاریگەریی کەسێتیی مامۆستا لەسەر قوتابییەکانی بکەین، کە ئەو مامۆستایە خاوەن تەرزێکی تایبەتمەندی خۆی بێت.

مامۆستایەکی لەو شێوەیە، بە هەموو پێوەرێک سەرمەشقە و هەڵسوکەوتەکانی بووەتە نموونەی باڵا بۆ قوتابییەکانی.

لەم ڕووەوە، دوای دایک و باوک، بەهێزترین کەس کە کاریگەریی هەیە لەسەر گەشەی کەسێتیی منداڵ، مامۆستایە.

85

گۆڕینی کەسێتی، لە بنیادنانی قورسترە

لەناوبردنی کەسێتییەکی ڕەگداکوتاو و بنیادنانەوەی دانەیەکی نوێ لە جێگەیدا، زۆر لەوە قورسترە لە بناغەوە کەسێتییەک بنیاد بنێیت.

لەبەر ئەوەی بەردی بناغەی کەسێتی، بریتییە لە هەستەکان.

دەستبەرداربی هەستەکانیش، بە ئەندازەی سەرلەنوێ بنیادنانەوەی کەسێتی، سەخت و گرانە.

بۆ نموونە: پارمەتیدانی ساوایەک بۆ ئەوەی هەستی متمانە و دڵنیاییەکەی ناخی پارێزراو بێت و زیانی پێ نەگات، ئاسانترە لەوەی گەورەساڵێک هەوڵ بدات تازەبەتازە هەستی متمانە و دڵنیایی لە ناخیدا بچێنێت.

یان، هەستکردن بە نرخ و گرنگیی خود بۆ منداڵێک کە قۆناغەکانی گەشەی بە شێوەیەکی سروشتی بەڕێ کردووە، زۆر ئاسانترە بەراورد بە کەسێکی پێگەیشتوو کە تا ئەو کاتە خۆی بێنرخ بینیوە و دەیەوێت لە ئێستاوە هەست بە نرخ و گرنگیی خۆی بکات.

مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵ لەسەر بنەمای ڕێز، لە گرنگترین ئەرکەکانی سەرشانی ئێمەی پەروەرشیارانە، چونکە لەو ڕێیەوە دەتوانین پارێزگاری لە شکۆ و پاکیی دنیای هەست و سۆزیان بکەین.

86

کاتێک پەروەردەی

سێکسی دەدرێت بە

منداڵانی قوتابخانە،

پێویستە وریا بین (هەستی

تایبەتمەندێتی)یان

نەڕوشێنین

یەکێک لە تایبەتترین قۆناغەکانی گەشە، قۆناغی گەشەی سێکسییە.

جێی تێڕامانە، چ کچان چ کوڕان، حەز ناکەن گۆڕانکارییەکانی ئەم قۆناغە لای هیچ کەسێک باس بکەن.

هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، هەستە سێکسییەکان هەستگەلێکی کەسی و تایبەتمەندن، ڕێگری ناوەکی هەیە لەبەردەم ئاشکراکردنیاندا.

فەرامۆشنەکردنی ئەم لایەنە لە کاتی وتنەوەی پەروەردەی سێکسیدا، لەوپەڕی گرنگیدایە. گەر نا، گەیاندنی چەند زانیارییەک، ئەوە ناهێنێت هەستی تایبەتمەندێتیی منداڵەکانمانی بۆ بەخت بکەین.

باسکردنی ئەم هەستە تایبەت و کەسیانە لەناو کۆمەڵدا، با بە نیازی زانیاری پێدانیش بێت، کاریگەریی نەرێنی لەسەر گوێگرەکان جێ دەهێڵێت، چونکە دەبێتە مایەی شەرم و هەستکردن بە شەرمەندەیی.

نەنگیهەڵچنین بە سنوورەکانی ئەم دوو هەستەش -شەرم و شەرمەندەیی- دوا جار دەبێتە هۆکاری لەدەستدانیان.

هەستیاریی بابەتەکە، داخوازی ئەوەیە بەم ئاگاییەوە پەروەردەی سێکسی بڵێینەوە. پاراستنی سەلامەتی و بێخەوشیی هەستەکان، پێش هەموو شتێکە.

87

ئەو منداڵانەی کەسێتییان بەهێزە، چۆن دەزانن وەربگرن، ئاوەهاش دەزانن ببەخشن

پەروەرشیاران گرنگە ئاگاداری ئەم خاڵە بن: چەندە منداڵەکانمان فێری وەرگرتن دەکەین، دەبێت هێندەی ئەوەندەش فێری بەخشینیان بکەین.

پێویستە ئاگامان لە خۆمان بێت، نەکەوینە داوی ئەوەی هەموو سەرنج و خەیاڵمان لای ئەوە بێت کە:

چەندی هێناوە؟

چەندی خواردووە؟

چەندی هەیە؟

ئینجا پێشمان وا بێت، بەباشی پەروەردەمان کردووە.

ئەرکی ئێمەیە فێریان بکەین کە ژیان تەنها سەرکەوتن نییە، شکستیش بەشێکی سروشتیی ژیانە، لەدەستدانیش هەر وەکو بەدەستهێنان ئاساییە.

کەسێتییەک هەر لەسەر بردنەوە و سەرکەوتن ڕاهاتبێت و گومانی وا بێت ژیان تەنیا بریتییە لەوانە، کەسێتییەکی ناکامڵ و پێنەگەیشتووە.

88

ئالوودەبوون بە

تەکنەلۆژیاوە، لێرەوە

دەست پێ دەکات:

"وازی لێ بێنە، با کەمێک

پێوەی سەرقاڵ ببێت!"

هەموو ئامێرێکی تەکنەلۆژی، سوود و قازانجی خۆی هەیە:
کۆمپیوتەر، تۆماری زانیارییەکانمانە.
ئینتەرنێت، جیهانمان بۆ بچووک دەکاتەوە.
مۆبایل دەمانبەستێتەوە پێکەوە.

ئالوودەبوون لەوێوە دەست پێ دەکات کە منداڵەکانمان لەدەرەوەی ئەو ئامانجانە، دەسپێرین بە ئامێرە تەکنەلۆژییەکان، یان خۆمان کارێکمان هەیە و دەمانەوێت دەستمان نەگرن: "بەڵکو بە مۆبایلەکەوە سەرقاڵ بێت و منی بیر بچێتەوە!"

بۆ ئەوەی باوان بتوانن باشتر هاوکاریی منداڵەکانیان بکەن، گرنگە هاوسەنگی بپارێزن. واتە؛ نە ئەوەی لە تەکنەلۆژیا بسڵەمنەوە، نە ئەوەش بەبێ هیچ ڕێسا و سنووربەندییەک بیخەنە بەر دەستیان.

هەڵبەتە ئینتەرنێتی بێسنوور، ئایپاد و مۆبایلی هەمیشە بەردەست، لە هەموو حاڵەتەکاندا پەسەندکراو نییە.

ئەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئێمە، کە وەک دایک و باوک دابنیشین لەگەڵیان و ئامانجی سەرەکی لە بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکانیان بۆ ڕوون بکەینەوە.

گرنگە هەم خۆمان و هەم ئەوانیش ڕەچاوی ئەم بنەمایە بکەین، لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی گشتی: "هەر کات کارەکەت تەواو بوو، هەڵیگرە/دایخە/ بیکوژێنەرەوە."

89

منداڵ هەتا ناچار نەکرێت پارێزگاری لە خۆی بکات، پەنا ناباتە بەر درۆکردن

درۆ شتێکی نامۆیە بە سروشتی منداڵ.

منداڵ ئەگەر هەست بە ترس و دڵەڕاوکە بکات، دەست دەکات بە شێواندنی ڕاستییەکان. لەپێناو پاراستنی خۆیدا، شتانێک دەڵێت کە لە ڕاستیدا بەو جۆرە نییە.

کاتێك دایکان و باوکان خۆیان لەبەردەم درۆی منداڵەکەیاندا دەبیننەوە، گرنگە گوشاری زیاتری نەخەنە سەر و پەنا نەبەنە بەر هەڕەشە و گورەشە. لەبری ئەوە، هەوڵ بدەن بەدوای هۆکاری ئەو ترسەدا بگەڕێن، کە پاڵی بە منداڵەکەیانەوە ناوە درۆ بکات.

تۆ بڵێی لە ئێمە ترسابێت، یان لە مامۆستاکەی؟

تۆ بڵێی نیگەرانی ئەوە بێت لەناو هاوڕێکانیدا جێی نەبێتەوە و کەس یاریی لەگەڵ نەکات؟

لە وەها بارێکدا، مامەڵەی دروست ئەوەیە ترس و دڵەڕاوکەی زیاتری بۆ دروست نەکەیت، چونکە ئەو خۆی لە بنەڕەتدا لەتاو ترس و دڵەڕاوکە ڕاستییەکانی شێواندووە.

دایک و باوکی لێزان، چاو لە منداڵەکەی سوور ناکاتەوە و بە پرسیارگەلێکی هاوشێوەی: "ئادەی بزانم بۆچی درۆ دەکەی؟" شەرمەزاری ناکات، لەجیاتی ئەوە، کەشێکی ئارام و دڵنیاییەخشی بۆ ئامادە دەکات و بەنەرمونیانی لێی نزیک دەبێتەوە.

چونکە دەزانێت ئەگەر شتێک هەبێت لەم دنیایەدا درۆ قەڵاچۆ بکات، ئەوا ئەو شتە جگە لە هەستکردن بە ئاسایش و دڵنیایی، هیچی تر نییە.

90

جوانترین دیاری بۆ منداڵی تەمەن (7)ساڵ، کاتژمێری دەستییە

لەدوای (٧) ساڵییەوە، منداڵ پێویستی بەوەیە فێری ڕێکخستنی کاتەکانی ببێت.

لەو ڕێیەوە، وردە وردە ئیرادەشی بەهێز دەبێت.

گرنگە ئیتر لەم تەمەنەوە ئاگایی ئەوە بەدەست بێنێت، کە چ شتێک لەکوێدا و بە چەندێک ئەنجام دەدرێت. ئەم ئاگاییە یارمەتی دەدات، درک بە کاریگەریی کات و چۆنێتیی تێپەڕبوونی بکات.

لەدەستکردنی کاتژمێرێك، بەزیادەوە ئەم ئەرکە ڕادەپەڕێنێت.

منداڵێک لەوە تێگەیشتبێت کە کات چۆن دەڕوات، بەدڵنیاییەوە لە گرنگی و پێویستیی پلاندانان و کات ڕێکخستنیش تێدەگات.

کاتژمێرەکەی دەستی پێی دەڵێت کە ئەگەر سبەینێ لە کاتی خۆیدا هەڵنەستێت، ئەوا ناتوانێت ئەو کارانە ئەنجام بدات کە بەنیاز بووە نیوەڕۆ ئەنجامیان بدات. کە نیوەڕۆش نەیتوانی، ئیتر مانایەک نامێنێتەوە بۆ ئەنجامدانی، چونکە کاتەکەی بەسەر دەچێت.

91

ئەو دایک و باوکانەی ئیرادەیان لاوازە، منداڵەکانیشیان وەکو خۆیان دەردەچن

ئیرادە بریتییە لە توانای بەردەوامبوون لەسەر کارێک، یان ڕەفتارێکی دیاریکراو.

لە هەمان کاتدا، توانای دەستهەڵگرتن و وازهێنانیش دەگرێتەوە.

ئیرادە خەسڵەتێکی زگماك نییە، تایبەتمەندییەکە دواتر بەدەست دێت.

دەوروبەری منداڵ چەندە بە کەسانی خاوەن بڕیار و مکوڕ تەنرابێت، ئەوەندە چانسی بەدەستهێنانی ئیرادەی زیاتر دەبێت.

منداڵ هێزی پێداگری و توانای مکوڕبوونی لەکوێ بوو، ئەگەر لە باوانیەوە نەیبینێت!

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بابەتە دیوێکی تریشی هەیە کە پێویستە ئاگاداری بین؛ ئەو دایک و باوکانەی ئیرادەیان بەهێزە، نابێت چاوەڕێی هەمان ئاست و هەمان ئیرادە لە منداڵەکەیان بکەن، چونکە ئەم تایبەتمەندییە لە منداڵدا کاتێك بەهێز دەبێت، کە بە ویست و ئیرادەی خۆی ئەو شتانە ئەنجام بدات کە لە توانایدایە.

92

لەوانەیە
هەڵسوکەوتەکەی
نەگونجاو بێت،
بەڵام بزانە کە خۆی
نەگونجاو نییە

ڕەفتاری هەڵە بۆیە بە هەڵە دادەنرێت، چونکە خودی ڕەفتارەکە/کردەکە هەڵەیە.

منداڵ کە ڕەفتارێکی هەڵە دەنوێنێت، مانای ئەوە نییە منداڵێکی خراپە، مانای ئەوەیە (ئەو ڕەفتارە) هەڵەیە.

لەبەر ئەوە کاردانەوەی توند و دڵ ڕەنجێنەر بەرامبەر هەڵەی منداڵەکانمان، نەوەک ئەوەی پاشگەزیان ناکاتەوە لە ڕەفتارە هەڵەکە، بەڵکو کەسێتییشیان بریندار دەکات.

93

ئاکار و ڕەوشتە جوانەکان
کاتێك دەبن بە بەشێک لە
کەسێتی، کە خاوەنەکەی
لە دڵەوە باوەڕی پێیان
بێت

بەشێک لە گەورەساڵان بە مەبەستی چەسپاندنی ئاکار و ڕەوشتی پەسەند لە منداڵەکانیاندا، دەچن زۆریان لێ دەکەن بۆ ئەوەی کۆمەڵە هەڵسوکەوت و ڕەفتارێک بنوێنن.

کاتێکیش منداڵ بەناچاری ئەو هەڵسوکەوتانە دەکات، ئەوان پێی دڵخۆش دەبن.

بە ڕەفتارێک دەوترێت ڕەفتاری ڕەوشتی، کە ڕەنگدانەوەی باوەڕی ناوەکیی خاوەنەکەی بێت، جووڵەیەکی بێ ناوەرۆک نەبێت لەژێر سایەی ئاڕاستەکاریی کەسانی تردا ئەنجامی دابێت.

ئەو منداڵەی لەلایەن باوانیەوە زۆری لێ دەکرێت بۆ ئەوەی داوای لێبوردن لە هاوڕێکانی بکات، فێری ئاکاری پۆزشهێنانەوە نابێت بەرامبەر هەڵەکانی، چونکە هێشتا نازانێت بۆچی دەبێت داوای لێبوردن بکات.

بە هەمان شێوە؛ درۆنەکردنی منداڵێک کە لە سزا و توورەیی باوکی دەترسێت، ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو منداڵە خاوەن ڕەوشتی ڕاستگۆییە.

94

یەکێک لەو کارامەییە
گرنگانەی پێویستە
هەموو دایک و باوکێک
فێری منداڵەکەی بکات،
کارامەیی ڕێکخستنی
هەڵسوکەوتە

توانـــای خۆڕێکخســـتن، بــە یەکێـک لـــە گرنگتریـــن تایبەتمەندییەکانـــی مـــرۆڤ دادەنرێـــت.

کەسێک دەتوانێت خۆی بسەلمێنێت، کە توانای ڕێکخستنی بیرکردنەوە و هەست و هەڵسوکەوتەکانی هەبێت.

چاوساغی و ڕێنیشاندانی باوان لە تەمەنی منداڵییەوە، ڕێخۆشکەرە بۆ بەدەستهێنانی ئەم تایبەتمەندییە.

بەشی هەرە زۆری دایکان و باوکان، لەبری ئەوەی منداڵەکانیان لەسەر ڕێکخستن و ئاراستەکردنی سیانەی (بیرکردنەوە، هەست، هەڵسوکەوت)ەکانی خۆیان ڕابهێنن، دەچن دەیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و ئەمان بۆیان ئاڕاستە دەکەن، پێشیان وایە کارێکی زۆر باش دەکەن.

کەی منداڵ جڵەوی ژیانی خۆی گرتە دەست و توانیی خۆی کۆنترۆڵ بکات، ئەو کاتە دەتوانێت بەرەو سەرکەوتن هەنگاو بنێت.

95

پەروەدەی تایبەتمەندێتی، بریتییە لە فێرکردن و ڕاهێنانی منداڵ لەسەر چۆنێتیی بەڕێوەبردنی هەستەکانی

پەروەردەی تایبەتمەندێتی، بەزۆر جیاکردنەوەی کوڕان و کچان نییە لە یەکتری، بەڵکو ڕاهێنانی هەنگاوبەهەنگاوی منداڵە لەسەر چۆنێتیی ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی هەست و سۆزەکانی.

دەشێت ئەو هەستانە لە هەندێک حاڵەتدا هەستی توورەیی، ئیرەیی، خۆشەویستی، یان لە هەندێک حاڵەتی تردا، هەستی ڕەگەزی بن.

کاتێک جگەرگۆشەکەمان دەبینین لە شتێک تووڕە بووە، لێرەدا ڕەفتارە دروستەکە ئەوەیە فێری بکەین چۆن کۆنترۆڵی توڕەییەکەی بکات، نەوەک ئەوەی هەڕەشەی لێ بکەین: "هەستم لێت بدەم!"

یان کە کچەکەمان/کوڕەکەمان هەستێکی خۆیمان بەرامبەر بە کەسێک لە ڕەگەزی بەرامبەر لەلا باس دەکات، لەجیاتی ئەوەی شەرمەزاری بکەین بە کاردانەوەکانمان: "بەدڕەوشتی تا ئەو ڕادەیە!"، دروست وایە فێری بکەین چۆن لەگەڵ ئەم جۆرە هەستانەدا هەڵبکات و جڵەویان بگرێتە دەست.

دیارترین سیمای کەسە بەهێزەکان، توانای خۆبەڕێوەبردنیانە.

96

ئەو کەسەی بەمنداڵی
سووکایەتیی پێ کراوە، کە
دەبێت بە دایک یان باوک،
ئەگەری زۆرە بەو شێوە
ڕەفتار بکاتەوە

گەورەکان کە سەریان لێ دێتەوە یەک و خۆیان لەبەردەم کێشەیەکدا دەبیننەوە، یەکەم ڕێگە کە دەیگرنە بەر بۆ چارەسەری کێشەکە، ئەو ڕێگەیەیە کە بەمنداڵی لەسەر خۆیان تاقی کراوەتەوە.

ئەو دایک و باوکانەی کێشەکانیان بە هاتوهاوار و شەڕ و سووکایەتی چارەسەر دەکەن، ئەمە بەبۆماوەیی بۆ منداڵەکانیان جێ دەهێڵن. لە گەورەییدا، ئەوانیش لەسەر هەمان ڕێچکە و بە هەمان شێواز کێشەکانیان چارەسەر دەکەن.

97

ڕەگوڕیشەی مەیلی باوان بۆ توندوتیژی، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی

توندوتیژی خاسیەتێکی هەیە، ئەویش ئەوەیە دەگوازرێتەوە.

ئەو کەسانەی لە منداڵیدا توندوتیژییان بەرامبەر کراوە، لە گەورەییدا مەیلیان بەلای دووبارەکردنەوەیدا دەچێت.

کاتێک بە ڕەگوڕیشەی ئەو توندوتیژییەدا دەچینە خوارەوە، کە بەشێك لە دایک و باوکان بەرامبەر ڕۆڵەکانیان دەیکەن، شتێکی سەیر دەبینین؛ ئەو توندوتیژییە دەبینین کە لە منداڵیی خۆیاندا، بەرامبەریان کراوە.

جا یان ئەو شەق و زللەیەیە کە دایکی یان باوکی لێی داوە، یان ئەو سووکایەتییەیە کە فڵانە مامۆستا لەبەر چاوی هاوپۆلەکانی بەرامبەری نواندوویەتی، یان ئەو پەلاماردانەیە کە لەلایەن دراوسێکەیانەوە کراوەتە سەری.

لە منداڵیدا هەر جۆرە توندوتیژییەک بەرامبەر منداڵ ئەنجام درابێت، لە قووڵایی دەروونیدا شوێنەوارەکەی هەر دەمێنێتەوە و بە چەشنی بۆمبێکی کاتڕێژکراو هەمیشە ئامادە دەبێت بۆ تەقینەوە.

جاری وایە بە هاوسەرەکەیدا دەتەقێتەوە، جاری وەهایشە بە منداڵەکانیدا.

98

نواندنی ڕەفتاری منداڵانە، بەشێکە لە سروشتی منداڵ

هەڵبەزودابەز، ڕاکەڕاک، تریقە لێدان، ئاو بە خۆدا ڕشتن، زویربوون و ئاشتبوونەوە و... هتد، لە نموونەی ڕەفتارە سروشتییەکانی منداڵن.

کەسی دەروون تەندروست دنیای لێ نایەتەوە یەک، بەوەی منداڵێک لەبەر چاویدا هەڵسوکەوتی منداڵانە بنوێنێت.

کەم ئارامگریی بەرامبەر هەڵسوکەوتی منداڵ، بە یەکێک لە نیشانەکانی کەسێتیی نائارام دادەنرێت.

ئەو کەسەی بە ڕەفتاری منداڵانەی منداڵ بزە دەکەوێتە سەر لێوی، کەسێکە منداڵ لەلایدا هەست بە دڵنیایی و ئاسایش دەکات.

99

بەختەوەرە ئەو
کەسەی لە منداڵیدا
وەکو منداڵ ژیاوە

یەکێک لە لایەنە دیارەکانی کەسانی بەهێز و بەختەوەر، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بەکامی دڵ لە منداڵییەکەیاندا ژیاون.

گەورەساڵ، لە کرۆکی منداڵییەکەیەوە هێز و تین وەردەگرێت.

ئەم کرۆکە چەندە پووچەڵ بێت، خاوەنەکەشی ئەوەندە لاواز دەبێت، چەندێکیش پڕ بێت، خاوەنەکەشی ئەوەندە پڕ جۆش و وزەی ژیان دەبێت.

زۆرێک لە گەورەکان کە ئاوڕ لە ڕابردوویان دەدەنەوە، منداڵیی خۆیانیان بیر نایەتەوە.

لەبیرنەمانی منداڵی، ئاماژەیەکە بۆ ئەزموونی تاڵی خاوەنەکەی لەو تەمەنەدا..

لەناو زیندەوەراندا، مرۆڤ تاکە زیندەوەرە کە خراپ مامەڵە لەگەڵ ڕۆڵەی خۆیدا دەکات.

100

سەربەخۆیی کەسی، نیشانەی گەشەیەکی تەندروستە

منداڵ چەندە بتوانێت وەک تاکێکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی سنوورەکاندا پەیڕەوی لە ئازادییەکانی بکات و لە پەیوەندییە مرۆییەکانیشدا کارامەیی خۆگونجاندنی هەبێت، کەسێتییەکەی ئەوەندە دامەزراو و بەهێزە.

خاوەن کەسێتیی هاوسەنگ ئەو کەسەیە، کە لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا ناڵێت: "پێتان خۆش بێت یان نا، من هەر ئەمەم، ئێوە ناچارن بەم جۆرە من قبوڵ بکەن!" واتە؛ ناچێت بەگژ ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیدا.

هاوکات کەسێکیشە سازش لەسەر تایبەتمەندییەکانی کەسێتییەکەی ناکات و لەوانی تردا ناتوێتەوە، ناڵێت: "ئێوە چۆنتان بوێت، من بەو جۆرە دەبم!"

سەربەستە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پەیوەستە. لەناو پانتایی چاوەڕوانییەکانی دەوروبەردا خۆی ناتوێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەندامێکی هاوکار و خۆگونجێنی ناو کۆمەڵگەشە.

پێڕست

پێشکەشە بەو گەورەساڵانەی لە چاوی منداڵەوە تەماشای دنیا دەکەن و گیانێکی منداڵانەیان لە ناخیاندا هەڵگرتووە...	٣
سەرنجی سەرپەرشتیاری چاپ	٥
منداڵی لە سێ قۆناغ پێک هاتووە: وابەستەیی، هۆگری، گونجان	٦
تەمەنی (٧-١٤) ساڵی، تەمەنی هۆگربوونە	٨
منداڵ هۆگریی بۆ کوێ هەبێت، خووی ئەو شوێنە دەگرێت	١٠
منداڵ ئەگەر لە خێزانەکەی ترازابێت، پەیوەندیی توندوتۆڵی لەگەڵ ئەم و ئەودا بایەخێکی ئەوتۆی نییە	١٢
ئەو ماڵەی منداڵی سەروو (٧) ساڵیان هەیە، مەرجە کۆبوونەوەی خێزانییشیان هەبێت	١٤
پێوەری سەرکەوتنی مامۆستا لەناو پۆلدا ئەوەیە، قوتابییەکانی فێر بکات خۆیان بەڕێوە ببەن	١٦
ئەو پەروەرشیارەی ڕێگە بە منداڵەکەی دەدات بە منداڵی بژی، پەروەرشیارێکی سەرکەوتووە	١٨
قوتابیی بەر دەستی پەروەردەکارە توندەکان سەرکەوتوون، بەڵام لە هەمان کاتدا شەرەنگێزیشن	٢٠
کەشی سەرکوتکەر، منداڵ تووشی بزۆکی دەکات	٢٢
باشترین فێرکار ئەوە نییە کە قوتابییەکانی فێری شتی زۆر دەکات، بەڵکو ئەو فێرکارەیە کە فێری (چۆنێتیی فێربوون)یان دەکات	٢٤
دروست نییە منداڵیی ڕۆڵەکانمان بە هی خۆمان بەراورد بکەین	٢٦
داواکردنی شتانێک لە منداڵ کە لەسەروو تواناوەیەتی، بزێوی دەکات	٢٨
پەروەردەکاری سەرکەوتوو، قوتابییەکەی لەناو وانەدا فێر دەکات	٣٠
ئەو دایک و باوکانەی خەریکی مامۆستایەتین لەناو ماڵدا، دایک و باوکایەتییەکەی سەرشانیان فەرامۆش دەکەن	٣٢
ئەو نمرەیەی قوتابی بەدەستی دەهێنێت، لە هەمان کاتدا نمرەی (توانای مامۆستایەتی)ی فێرکارەکەشیەتی	٣٤
بناغەی سەرکەوتن لە فێرکاریدا، کارکردنە لەسەر توانا ناوەکییەکانی فێرخواز	٣٦

فێربوونی ڕاستەقینە سێ پلیکانەی هەیە: پەرۆشی، ئارەزوو، ویست ٣٨

بەرزترین خەسڵەتی فێرکاریی نموونەیی لەوەدایە، فێری هونەری فێرکردن بێت ٤٠

فێرکار کە گوێی نەگرت، گوێشی بۆ ناگیرێت ٤٢

ئەم جۆرە دەربڕینانە: "متمانەم پێتە، دڵنیام زۆر باش دەبیت!" زیاتر دڵەڕاوکە بەرهەم دەهێنێت وەک لە سەرکەوتن ٤٤

ئەنجامی تاقیکردنەوە چەندە جەختی لەسەر بکرێتەوە، نیگەرانی و دڵەڕاوکە ئەوەندە زیاد دەکات ٤٦

خوێندنەوە بەتێگەیشتنەوە سەرکەوتن مسۆگەر دەکات، نەوەک خێرا خوێندنەوە ٤٨

مرۆڤ فێر دەبێت، فێر ناکرێت ٥٠

بەکارهێنانی هەستەوەرەکان لە فێرکاریدا، زامنی درێژخایەنیی پرۆسەکەیە ٥٢

کرۆکی فێربوونی درێژخایەن و بەردەوام، هەستی پەرۆشبوونە نەوەک زۆرلێکردن ٥٤

هەموو شتێکی نوێ سەرنجڕاکێشە بۆ منداڵ، زانیاری تا کۆن بێت، پەرۆشی ناهێنێت ٥٦

هەر فێرکارییەک پەرۆشیی تێدا نەبێت، فێرکارییەکی ناسەرکەوتووە ٥٨

منداڵ پێویستی بە خوێندنەوەی ئەو جۆرە کتێبانەیە کە پەرۆشیی دەجووڵێنن ٦٠

فێرکاری سەرکەوتوو لە ڕێگەی وروژاندنی پەرۆشیی قوتابییەکانیەوە و فێرکاری ناسەرکەوتووش لە ڕێگەی سەرکوتکردنەوە، بێدەنگیی ناو پۆل دەستەبەر دەکات ٦٢

بەکارهێنانی سزا، پەرۆشیی منداڵ ناهێڵێت ٦٤

چارەسەرکردنی کێشە، خەسڵەتی ئەو منداڵانەیە کە ڕێگەیان دراوە خۆیان بسەلمێنن ٦٦

شەڕەنگێزی، ڕەنگدانەوەی هەستی خۆبەکەمزانینە ٦٨

وەلانان و پەراوێزخستن، مایەی هەستکردنە بە خۆبەکەمزانین ٧٠

ئالوودەبوون لە منداڵدا، دەرەنجامی هەستکردنە بە کەمتوانایی ٧٢

یەکێک لە دیارترین خەسڵەتەکانی منداڵی قوتابخانە، شت بیرچوونەوەیە ٧٤

بەکارهێنانی فشار لە پەروەردە و فێرکردندا، دەبێتە مایەی لاوازبوونی منداڵ لە رووی سۆزدارییەوە	٧٦
توندوتیژیی ناراستەوخۆ، هێندەی توندوتیژیی راستەوخۆ کاریگەریی رووخێنەری هەیە	٧٨
لە کاتی بەکارهێنانی دەغیلەدا، دەبێت ئاگاداری ئەو هێڵە باریکە بین کە لەنێوان دەستپێوەگرتن و خۆپەرستیدا هەیە	٨٠
(٧) ساڵی، تەمەنی ئەسپسوارییە، مامەڵەی منداڵ لەگەڵ ئەسپدا وای لێ دەکات هەست بە بەهێزی بکات	٨٣
بیستنی دەنگی کەڵەشێر و دەستهێنان بە بەرخ و کاردا، لە باشترینی چارەسەرەکانە	٨٤
کرۆکی هەریەک لە ئێمە، منداڵییەکەیەتی	٨٦
"ماشەڵڵا هەر دەڵێی کورە!" ئەم دەربڕینە ناهەقییە بەرامبەر کەسێتیی کچان	٨٨
منداڵ پێش ئەوەی هەر شتێک بێت، مرۆڤە، ئینجا منداڵە	٩٠
ئەگەر رێز لە منداڵ بگیرێت، ئەویش فێر دەبێت رێز لە کەسانی تر بگرێت	٩٣
"ئا وەرە، بزانم ناوت چییە؟" ئەم جۆرە ئاخاوتنە منداڵ نارەحەت دەکات	٩٤
هەڵچوون، هەوڵی لابردنی ئەو کۆسپەیە کە خراوەتە بەردەم ویستی خۆسەلماندن	٩٦
چارەسەری سەرنجپەرتی بە دەرمان نابێت، بە رێکخستنەوەی کەشی خێزانی دەبێت	٩٨
ئەو یارییانە سەرنج بەهێز دەکەن، کە لەگەڵ مرۆڤدا ئەنجام دەدرێن	١٠٠
سەرنجی قوتابی، بە ئەندازەی جۆشوخرۆشی مامۆستاکەیەتی	١٠٢
ملکەچکردنی منداڵ لە رێگەی ترساندنی بە چەمکی خودا و دۆزەخ، قۆستنەوەیەکی نەخوازراوی ئایینە	١٠٤
منداڵ لە رێی دیکۆرەوە فێری رێکخستن دەبێت	١٠٦
منداڵان بە خەمساردیی گەورەکان بێزار دەبن	١٠٨
هەر کەسێک لەلای منداڵ کەسێتیی نەمێنێت، کاریگەریشی نامێنێت	١١٠
"کە لە تەمەنی تۆدا بووم..." نموونەی شێوازێکی نائەندروستی ئاخاوتنە لەگەڵ منداڵ	١١٢

منداڵ کە هەڵەی کرد، پێویستی بەوەیە ڕەفتارە دروستەکەی فێر بکرێت، نەوەک تەریق بکرێتەوە ١١٤

زیادبوونی شتومەکی منداڵ بە شێوەیەکی هەڕەمەکی، کاریگەریی نەرێنیی هەیە لەسەر پەیوەندیی نێوان منداڵ و باوان ١١٦

منداڵ لە سەرگوزەشتەی منداڵیی باوانیدا، خۆی دەبینێتەوە ١١٨

خۆشترین قسە کە منداڵ لە باوانیەوە بیبیستێت، ئەم قسەیەیە: "با تۆ منیشت خۆش نەوێت، من هەر تۆم خۆش دەوێت" ١٢٠

ئەو منداڵەی (لە کاتی خۆیدا) و (وەکو پێویست) بەدەمیەوە نەچوون، بە منداڵێکی فەرامۆشکراو دادەنرێت ١٢٢

ئەو دایک و باوکانە قسەیان ڕۆڵی دەبێت، کە کاریگەرییان هەیە ١٢٤

هەموو دایک و باوکێک منداڵی خۆی خۆش دەوێت، بەڵام کەمێکیان منداڵەکانیان دەبینن و هەستیان پێ دەکەن ١٢٦

توانای (هەستپێکردن)، لە گرنگترین ئەو توانایانەیە کە پێویستە لە منداڵەکانماندا بیپارێزین ١٢٨

ئەو منداڵانەی لە قوتابخانە تەمێ کراون، کە دێنە ماڵەوە، بزێو و لاسار دەبن ١٣٠

ڕێنەدان بە منداڵ کە بگریەت، بەهێزی ناکات، بێگانەی دەکات بەرامبەر هەستەکانی ١٣٢

ئەو منداڵانەی لەسەر هەستەکانیان لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، سەرکز، لە هەندێ باریشدا شەڕەنگێز هەڵدەکەون ١٣٤

ئەو دایک و باوکانەی دڵەڕاوکەیان هەیە، منداڵەکانیان ترسنۆک دەردەچن ١٣٦

ئەو منداڵانەی هەستەکانیان لەژێر چاودێریدایە، گریان و پێکەنینیان بەدڵی خۆیان نییە ١٣٨

ئازایەتی لەوەدا نییە داهاتوویان بۆ ئامادە بکەین، ئازایەتی لەوەدایە ئەوان بۆ داهاتوو ئامادە بکەین ١٤٠

جوانترین خەسڵەتی پەروەرشیار ئەوەیە، لێوبەخەندە بێت بەرامبەر قوتابییەکانی ١٤٢

شەکەتیی سۆزداری، هۆکارێکە ناهێڵێت منداڵ هەست بە بوونی خۆی بکات ١٤٤

منداڵان هەر وا ئاسان تووشی شەکەتیی سۆزداری نابن، بەڵام کە تووشبوون، بە زەحمەت لێی دێنە دەرەوە ١٤٦

توندوتیژیی سۆزداری هۆکارێکە بۆ بێهیوایی	١٤٨
کوڕان لە ڕێی بەکارهێنانی جەردان و کچانیش لە ڕێی بەکارهێنانی جانتاوە فێری ڕێکخستن دەبن	١٥٠
تەماشاکردنی تەلەفزیۆن منداڵ بزێو دەکات	١٥٢
(لێرەدا-لە ئێستادا) مەرجی پەیوەندییەستنی بەرهەمدارە	١٥٤
خوانی ئێواران بۆیە گرنگە، چونکە هەموو ئەندامانی خێزان پێکەوە کۆ دەکاتەوە	١٥٦
کارامەیی ئاخاوتن و دروستکردنی پەیوەندی، گرنگترین شتە دایک و باوکی منداڵانی قوتابخانە فێری ببن	١٥٨
لێپرسینەوە و تەنگ پێهەڵچنین، پێچەوانەی بنەماکانی ئاخاوتن و پەیوەندیی دروستکردنی سەرکەوتووە	١٦٠
لەبری ئەوەی باسی چۆنێتیی ئەنجامدانی کارەکەی بۆ بکەین، باشتر وایە چییەتی کارەکەی بۆ ڕوون بکەینەوە	١٦٢
منداڵانی قۆناغی سەرەتایی، باشتر وایە ڕۆژانە خەرجییان بدرێتێ، نەوەک هەفتانە	١٦٤
شەڕی نێوان خوشک و برا مایەی بەهێزبوونیانە، بە مەرجێک ڕقوکینەی ئاوێتە نەبێت	١٦٦
کەسایەتیی مرۆڤ کاتێک سروشتی دەبێت، کە خۆی چۆنە لە ڕاستیدا بتوانێت هەر بەو شێوەیەش دەربکەوێت	١٦٨
سەرپشککردنی منداڵ لە بڕیارەکانیدا، کەسێتییەکەی بەهێز دەکات	١٧٠
کەسێتیی مامۆستا، زەمینەی دروستبوونی کەسێتیی قوتابییەکانیەتی	١٧٢
گۆڕینی کەسێتی، لە بنیادنانی قورسترە	١٧٤
کاتێک پەروەردەی سێکسی دەدرێت بە منداڵانی قوتابخانە، پێویستە وریا بین (هەستی تایبەتمەندێتی)یان نەڕوشێنین	١٧٦
ئەو منداڵانەی کەسایەتییان بەهێزە، چۆن دەزانن وەربگرن، ئاوەهاش دەزانن ببەخشن	١٧٨
ئالوودەبوون بە تەکنەلۆژیاوە، لێرەوە دەست پێ دەکات: "وازی لێ بێنە با کەمێک پێوەی سەرقاڵ بێت!"	١٨٠
منداڵ هەتا ناچار نەکرێت پارێزگاری لە خۆی بکات، پەنا نابات بەر درۆکردن	١٨٢

جوانترین دیاری بۆ منداڵی تەمەن (٧) ساڵ، کاتژمێری دەستییە	١٨٤
ئەو دایک و باوکانەی ئیرادەیان لاوازە، منداڵەکانیشیان وەکو خۆیان دەردەچن	١٨٦
لەوانەیە هەڵسوکەوتەکەی نەگونجاو بێت، بەڵام بزانە کە خۆی نەگونجاو نییە	١٨٨
ئاکار و ڕەوشتە جوانەکان کاتێک دەبن بە بەشێک لە کەسایەتی، کە خاوەنەکەی لە دڵەوە باوەڕی پێیان بێت	١٩٠
یەکێک لەو کارامەییە گرنگانەی پێویستە هەموو دایک و باوکێک فێری منداڵەکەی بکات، کارامەیی ڕێکخستنی هەڵسوکەوتە	١٩٢
پەروەدەی تایبەتمەندیتی، بریتییە لە فێرکردن و ڕاهێنانی منداڵ لەسەر چۆنێتیی بەڕێوەبردنی هەستەکانی	١٩٤
ئەو کەسەی بەمنداڵی سووکایەتیی پێ کراوە، کە دەبێت بە دایک یان باوک، ئەگەری زۆرە بەو شێوە ڕەفتار بکاتەوە	١٩٦
ڕەگوڕیشەی مەیلی باوان بۆ توندوتیژی، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی	١٩٨
نواندنی ڕەفتاری منداڵانە، بەشێکە لە سروشتی منداڵ	٢٠٠
بەختەوەرە ئەو کەسەی لە منداڵیدا وەکو منداڵ ژیاوە	٢٠٢
سەربەخۆیی کەسی، نیشانەی گەشەیەکی تەندروستە	٢٠٤

100 ڕێسای بنەڕەتی لە پەروەردەکردنی منداڵدا

گرنگترین وێستگە پەروەردەییەکانی ئەم تەمەنە، لە ١٠٠ ڕێسای پوختدا.

ئەم پەرتووکە، دایکان و باوکان لە هەستیاریی ئەم قۆناغە ئاگادار دەکاتەوە، کە نازداریی تەمەنی منداڵی کۆتایی پێدێت و فشاری گەورەکان جێگەی دەگرێتەوە. هاوکات ڕێنماییان دەکات بۆ باشترین شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵیان...

لە بابەتەکانی ئەم پەرتووکە:

- بزۆکی منداڵ لە چییەوە سەرهەڵدەدات؟
- گرنگی کۆبوونەوەی خێزانی لەم تەمەنەدا
- دڵەڕاوکەی منداڵان لە ئەنجامی تاقیکردنەوە
- بەراوردکردنی منداڵان بە منداڵیی دایك و باوکان
- منداڵ و شت بیرچوونەوە
- بێزاریی منداڵان لە خەمساردی گەورەکان
- چۆن هەڵەی بۆ ڕاست بکرێتەوە؟
- شەڕی نێوان خوشك و براکان
- ئالوودەبوون بە تەکنەلۆژیاوە
- منداڵ کەی پەنا دەباتە بەر درۆکردن

ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا

ARA MEDIA CENTER

www.aramediacenter.com

info@aramediacenter.com

facebook.com/ aramediacenter

instagram/ ara_media_center

0-0414-0000-3

9 780041 400007

نرخی (٤٠٠٠) دینارە